تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5895) چوارشەممە 18ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان

ئاڵای کوردستان هێمای یەکگرتوویی، ئازادیخوازی، قوربانیدان و ئاشتیخوازیی گەلی کوردستانە



بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و هەموو هاوواڵتیانی خۆشەویستی کوردستان دەکەم. ئاڵای کوردستان هێمای یەکگرتوویی، ئازادیخوازی، قوربانیدان و ئاشتیخوازیی گەلی کوردستانە. لەم ڕۆژە پیرۆزەدا جەخت لە پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلی کوردستان دەکەینەوە و، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی کە لە پێناو ئاڵای پیرۆزی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کردووە.

بژی کورد بژی کوردستان.

مسعود بارزانی

17ی12ی2019

نێچیرڤان بارزانی: هەموو پێکهاتەکان لەژێر سێبەری ئاڵای کوردستان خەباتیان کردووە

3



لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا، سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 2019/12/17 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی بەڕێزان ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر، لە قوتابخانەی دیاربەکری بنەڕەتی لە هەولێر بەشداری لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا کرد.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ وەزیری بەرگری ئیتاڵیا کۆبووەوە

نێچیرڤان بارزانی: سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە عێراق و ناوچەکە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە

2



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی کردەوە کە سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە عێراق و ناوچەکە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە و هەڕەشە لە ئاسایشی جیهانیش دەکات، بۆیە بەردەوامیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیە بە ئەرک و پێویست زانی.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری بەرگری ئیتاڵیا دەکات

وەزیری بەرگری ئیتاڵیا: بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ئاڵای کوردستان کرد



دوێنێ سێشەممە 2019/12/17مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیران بەئامادەبوونی کەسوکاری ژمارەیەک شەهید بەشداری لە ڕێوڕەسمی بەرز ڕاگرتنی ئاڵای کوردستاندا کرد. ئاڵاکەش لەلایەن کوڕ و کچی شەهید هوجام سورچی بەرزکرایەوە.

هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێم داکۆکی لە یەکڕیزی دەکەنەوە

داوا کرا حکوومەتی عێراق ڕێککەوتن و لێکگەیشتنەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات

دوێنێ سێشەممە 2019/12/17 لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، هەرسێ سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان دووەم کۆبوونەوەی دەوریی خۆیان ئەنجامدا. لە کۆبوونەوەکەدا هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەت، جەختیان لە گرنگیی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی سیاسیی لایەنە کوردستانییەکان کردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخ و پێشهاتەکان، هەر لەمبارەیەوە هەوڵەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا، بەرز نرخێنرا.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشووی سەری ساڵی ڕاگەیاند

ڕۆژی 2019/12/25 تاکو 2020/1/4 لە سەرجەم دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایە پشوو

د. جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە خوشک و برا کریستیانەکان و سەری ساڵی نوێ لە هاوواڵتیانی کوردستان دەکات. گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و سەری ساڵی نوێی زایینی، لە ڕۆژی چوارشەممە 2019/12/25 دەبێتە پشووی فەرمی لە سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕۆژی شەممە، 2020/1/4 بەو جۆرەش ڕۆژی یەکشەممە 2020/1/5 دەوامی فەرمی دەستپێدەکاتەوە

پارتی و گۆڕان تەئکید لە پشتگیریکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی دەکەنەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، جەخت لە پشتیوانیکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی و تێپەڕاندنی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەنەوە و بڕیار دەدەن، کۆبوونەوەی خولیی زیاتر لە نێوانیاندا هەبێت. دوێنێ سێشەممە و پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی نێوانیان، مەحموود محەممەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی نێوانیان کرد و باسی لەوە کرد کە ئاڵۆزییەکانی ئێستای عێراق هەم مەترسی و هەم دەرفەتی تێدایە، بۆیە دەبێت بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بپارێزێت.

4



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەکات

دوێنێ سێشەمە لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە ستیفن هیکی باڵیۆزی تازەی بەریتانیا لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی باڵیۆزی تازەی بەریتانیا لە عێراق کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

هەر لەو دیدارەدا بارودۆخی سیاسیی عێراق و کێشە و تەحەددیاتی بەردەم پرۆسەی سیاسیی عێراق و داواکاریی خۆپێشاندەران و هەروەها نیگەرانییەکان لەبارەی سەرهەڵدانی بۆشایی ئیداری و سیاسی تاوتوێ کرا. لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیەدا ڕۆشنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا و باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی خوازیاری ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بەهێز و یەکگرتوو بێت.

ئالۆگۆڕکردنی بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سووریا و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش تەوەری تری ئەو دانیشتنە بوون.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق دەکات

ئۆلریک شانون ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە سەرکردایەتییکردنی شەڕی تێکشکاندنی داعشدا بەرز نرخاند

دوێنێ سێشەمە لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە ئۆلریک شانون باڵیۆزی نوێی کەنەدا لە عێراق و ئاشلی دۆریک بەرپرسی نووسینگەی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە هەولێر کرد.

لە دیدارەکەدا باڵیۆزی کەنەدا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بە یەکەم سەردانی بۆ کوردستان و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک بارزانی، سەرسامیی خۆی بە پێشکەوتن و سەقامگیریی کوردستان نیشان دا و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پرۆسەی سیاسی و سەرکردایەتییکردنی شەڕی تێکشکاندنی داعشدا بەرز نرخاند.

ئۆلریک شانون پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە گرینگ لەقەڵەم دا و جەختیشی کردەوە کە ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی کەنەدا لە شەڕی داعشدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیبووە بەردەوام دەبێت و چاویان لەوەیە لە هەموو ئاستەکاندا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەرە پێ بدەن.

سەرۆک بارزانی وێڕای پیرۆزبایی لە باڵیۆزی کەنەدا بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە ئەرکە نوێیەکەی، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و پشتیوانیی خۆیشی بۆ زیاتر پێشخستنی پەیوەندییەکانی کەنەدا و هەرێمی کوردستان دەربڕی.

بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە، پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر تەوەرێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ وەزیری بەرگری ئیتاڵیا کۆبووەوە

نێچیرڤان بارزانی: سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە عێراق و ناوچەکە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە

لۆرێنزۆ گوێرینی پێزانینی ئیتاڵیای بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە دووپات کردەوە



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی کردەوە کە سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە عێراق و ناوچەکە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە و هەڕەشە لە ئاسایشی جیهانیش دەکات، بۆیە بەردەوامیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیە بە ئەرک و پێویست زانی.

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز لۆرێنزۆ گوێرینی، وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا و شاندێکی یاوەری، ئێوارەی دوێنێ سێشەمە 17/12/2019لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئیتاڵیای کرد بۆ ئەو هاوکاری و پشتگیرییە سەربازییانەی کاتی شەڕی داعش لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆردا پێشکەش بە هەرێمی کوردستانی کرد و ڕۆڵی پسپۆڕانی سەربازیی ئیتاڵی لە مەشقپێکردن و ڕاهێنانی پێشمەرگە بەرز نرخاند.

لای خۆیەوە بەڕێز گوێرینی ڕێز و پێزانینی ئیتاڵیای بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە دووپات کردەوە کە لە شەڕی دژی تیرۆر و تێکشکاندنی داعشدا ڕۆڵێکی گەورەیان بینی و بەرگرییان لە هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کرد، هەروەها بەردەوامیی پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە، نیشان دا.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزیرانی پێشمەرگە و ناوخۆ و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق و کونسولی ئیتاڵیا لە هەولێر و ژمارەیەک لە پلەداران و ڕاوێژکارانی ئیتاڵی ئامادەی بوون، هاریکاری و هەماهەنگیی ئەمنیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر، دوایین دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکانی بەغدا و پاریزگاکانی دیکەی وڵات، پێشهاتەکانی سووریا و دۆخی ناوچەکە بەگشتی، تاوتوێ کران.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری بەرگری ئیتاڵیا دەکات

وەزیری بەرگری ئیتاڵیا: بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە



ئێوارەی دوێنێ سێشەمە 2019/12/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە لۆرێنزۆ گوێرینی وەزیری بەرگری ئیتاڵیا و شاندێکی هاوڕێی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دوا پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش کرا. وەزیری بەرگری ئیتاڵیا ئاماژەی بە پەیوەندی مێژوویی نێوان ئیتاڵیا و هەرێمی کوردستان کرد و گوتی خۆشحاڵین بە پەیوەندی و بە هەماهەنگی بەهێزمان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، ستایشی قوربانیدانەکانی پێشمەرگەش دەکەین لە شەڕی دژی تیرۆردا .

وەزیری بەرگری ئیتاڵیا گوتیشی هەڕەشەی تیرۆر لە عێراق هێشتا هەرماوە، بۆیە ئیتاڵیا وەک ئەندامێکی کارای هاوپەیمانی نێودەوڵەتی شەڕی دژی داعش بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە. وەزیری بەرگری ئیتاڵیا ڕاشیگەیاند کە لە مانگی داهاتوودا بەشداری و پابەندبوونمان لە شەڕی داعش و هاوکاری پێشمەرگە نوێ دەکەینەوە، چونکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر هێشتا کاری زۆرمان ماوە بەیەکەوە ئەنجامی بدەین. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی هاوکارییەکانی ئیتاڵیای بۆ هێزی پێشمەرگە کرد و هیوای خواست پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

گرنگییەکی زۆر بە ڕێگاوبانەکان و ژێرخانی ئابووری دەدەین

دوێنێ سێشەمە 2019/12/17مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەشداری لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی قۆناخی کۆتایی شەقامی 120کرد . سەرۆکی حکوومەت لە وتەیەکدا ئاماژەی بەوەدا کە لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری دەدرێت و ڕێگاوبانەکانیش بەشێکن لە ژێرخان، بۆیە گرنگی و پەرەی پێ دەدەین، چونکە ئاسانکاری بۆ بزاڤی بازرگانی دەکات. داواشی لە هاوواڵاتیان کرد کە لە بەکارهێنانی ڕێگەکاندا سەلامەتی خۆیان لە بەرچاو بگرن، چونکە ژیان و سەلامەتی هاوواڵاتیان لە هەموو شتێک گرنگترە. گوتیشی جێی دڵخۆشییە پڕۆژەیەکی ستراتیجی وا گەورە بە توانا و لێهاتوویی شارەزایانی ناوخۆ ئەنجام دەدرێت.



سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەکات

باڵیۆزی بەریتانیا پشتگیری خۆی بۆ هەنگاوە چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی

دوێنێ سێشەمە 2019/12/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ستیف هیکی باڵیۆزی نوێی بەریتانیا لە عێراق کرد. سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە باڵیۆز هیکی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکە نوێیەکەیدا.

باڵیۆزی بەریتانیا پشتگیریی خۆی بۆ هەنگاوە چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی و ئامادەیی وڵاتەکەشی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان نیشاندا و بەتایبەت لە هاندانی وەبەرهێنەرانی بەریتانی بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لە هەرێمی کوردستاندا. باڵیۆزی بەریتانیا هەروەها پشتیوانی خۆیشی دەربڕی بۆ ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی حکوومەتی فیدراڵ دەربارەی بودجەی 2020.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/12/18 ژمارە (5895)

نێچیرڤان بارزانی: هەموو پێکهاتەکان لەژێر سێبەری ئاڵای کوردستان خەباتیان کردووە

ئەم ئاڵایە سیمبولی بەرخۆدان و خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمانە



بیگەیەنن بەو شوێنەی کە گەلی ئێمە سالّەهای سالّ خەباتی بۆ کرد و قوربانی بۆ دا. ئەم ئەمانەتە لە دەست ئێوەی خۆشەویست دایە، ئێوە نەوەی ئایندەن، لەژێر ئەم ئالآیە دەبێت بە چەکی خۆیندن و فێرکردن و بە جددی و پەرۆشەوە بەرەو ئایندە بچن، دلّنیام کەوا ئێوە ئەم ئەمانەتە بە باشی هەلّدەگرن و ڕادەستی نەوەی دوای خۆتانی دەکەن.

لەم ڕۆژە پیرۆزەدا دەمەوێ یادی هەموو ئەو ئازیزانە بکەینەوە، یادی هەموو ئەو خۆشەویستانە بکەینەوە، یادی ئەو شەهیدانە بکەینەوە کە لەپێناو ڕزگاربی گەل و وڵاتەکەماندا خوێنیان بەخشی بۆ ئەوەی ئێمە ئەم ڕۆژە بە سەربەرزی ببینین و بتوانین لە وڵاتی خۆمان لە هەولێر و شوێنەکانی دیکەی کوردستان لە سایەی خەبات و بەرخۆدان و خوێنی ئەو خۆشەویستانە، ئالآی کوردستان هەلّکەین، سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو ئەو شەهیدانە دادەنوێنین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارانی دەخوازین.

ڕێز و خۆشەویستیی خۆمان بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانە دووپات دەکەینەوە کە لە کاروانی خەباتی دوور و درێژی ئەم وڵاتە تێکۆشاون و تا ئێستا لە ژیاندا ماون، لێرەوە بە ناوی ئێوەوە سلاّویان بۆ دەنێرین، سلاّو بۆ دایکی شەهیدان دەنێرین و پێیان دەلّێین ئەم نەوە گەنجە و ئەم خۆشەویستانە ئەم ئالآیە بە ئەمانەتەوە هەلّدەگرن و بە ئەمانەتیشەوە کاری بۆ دەکەن و بە خوێندن و فێربوون و زانست ئەم وڵاتە ئاوەدان دەکەنەوە و بەرەو پێشی دەبەن.

ئەم ڕۆژە لە گەلی کوردستان و هەر هەموتان پیرۆز بێت خۆشەویستان.

زۆر سوپاس..

لە ڕۆژی ئالآی کوردستاندا، سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 2019/12/17 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی بەڕێزان ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر، لە قوتابخانەی دیاربەکری بنەڕەتی لە هەولێر بەشداری لە ڕێوڕەسمی هەلّکردنی ئالآی کوردستاندا کرد.

لە ڕێوڕەسمەکەدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا ئەم ڕۆژەی لە هەموو گەلی کوردستان پیرۆز کرد. ئەمەش دەقی وتەکەیە:

بەیانیتان باش..

خۆشحاڵم ئەمڕۆ بە یاوەریی بەڕێزان جەنابی وەزیری پەروەردە و پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەی دیاربەکری بنەڕەتی لەگەڵ ئێوەی خۆشەویست بەشدار دەبم لە ڕێوڕەسمی هەلّکردنی ئالآی کوردستاندا.

خۆشەویستان..

ئەم ئالآیە سیمبولی بەرخۆدان و خەبات و تێکۆشانی گەلێکە کە سالّەهای سالّە خەبات بۆ ئازادی، سەربەخۆیی، یەکسانی دەکات تا مافەکانی بەدەست بهێنێت. لەژێر سێبەری ئەم ئالآیە، کوردستان و کوردستانییان هەموویان پێکەوە خەباتیان کردووە هەر لە شۆڕشی ئەیلوولیش پێکەوە بۆ یەک ئامانج تێکۆشاون کە ئەویش بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بە تێکڕای پێکهاتەکانییەوە بوو.

ئەمە ئەمانەتێکی پیرۆزە لەسەر شانی ئێوە کە نەوەی ئایندەی ئەم وڵاتەن و پێویستە زۆر بە پەرۆشەوە ئەم ئالآیە هەلّگرن و ئەو پەیامەی کە خۆشەویستانی ئێمە پێشتر خەباتیان بۆ کردووە و هەولّیان بۆی داوە، پەنا بە خوا دیاربەکری بنەڕەتی لەگەڵ ئێوەی خۆشەویست بەشدار دەبم لە ڕێوڕەسمی هەلّکردنی ئالآی کوردستاندا.

ئەم ئالآیە سیمبولی بەرخۆدان و خەبات و تێکۆشانی گەلێکە کە سالّەهای سالّە خەبات بۆ ئازادی، سەربەخۆیی، یەکسانی دەکات تا مافەکانی بەدەست بهێنێت. لەژێر سێبەری ئەم ئالآیە، کوردستان و کوردستانییان هەموویان پێکەوە خەباتیان کردووە هەر لە شۆڕشی ئەیلوولیش پێکەوە بۆ یەک ئامانج تێکۆشاون کە ئەویش بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بە تێکڕای پێکهاتەکانییەوە بوو.

ئەمە ئەمانەتێکی پیرۆزە لەسەر شانی ئێوە کە نەوەی ئایندەی ئەم وڵاتەن و پێویستە زۆر بە پەرۆشەوە ئەم ئالآیە هەلّگرن و ئەو پەیامەی کە خۆشەویستانی ئێمە پێشتر خەباتیان بۆ کردووە و هەولّیان بۆی داوە، پەنا بە خوا



نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی نوێی کەنەدا کرد

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ کەنەدا دووپات کردەوە کە لە شەڕی دژی تیرۆر و لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا هاوکاریی سەربازی و مرۆیی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کرد و خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بردەوانی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەنەدا و ڕەخساندنی دەرفەتی باشتر بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی کەنەدی، نیشان دا.

سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 2019/12/17 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز ئۆلریک شانۆن باڵیۆزی نوێی کەنەدا لە عێراق کرد و پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە ئەرکی تازەیدا لێکرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

لە دیدارەکەدا بەڕێز باڵیۆزی نوێی کەنەدا دووپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەڕوانێت و لە پشتگیری و هاوکارییەکانی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، هانی کەرتی تایبەت و کۆمپانیا کەنەدییەکانیش دەدات بۆ ئەوەی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان بکەن. تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و مەترسییەکانی سەرهەلّدانەوەی تیرۆر و گرنگیی بەردەوامیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.



نێچیرڤان بارزانی جەخت لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین دەکاتەوە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان ڕێز لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین دەگرێت و دەیپارێزێت، پشتگیری لە هەموو هەوڵ و هەنگاوێکیش دەکات کە بۆ پتەوکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین دەنرێن و لەمبارەیەوە ئاماژەی بە یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەگەری کرد.

ئێوارەی دوێنێ سێشەممە 2019/12/17 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز ئەنتۆنی بیلۆنژێ سکرتێری فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی کرد کە بە یاوەریی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان لە چەندین وڵاتی جیهانەوە، بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی دیداری نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان، سەردانی هەولێریان کردووە.

لە دیدارێکدا کە بەڕێزان نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەک لە میوانانی کۆنگرەی دیداری نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان ئامادەی بوون، دۆخی ڕۆژنامەگەری و کاری میدیایی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین و یاساکانی ئەو بواره لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران. لە دیدارەکەدا جەخت لە گرنگیی پاراستنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی کرایەوە و بەرەوپێشچوون و کێشەکانی ئەو بواره لە ناوچەکە بەگشتی خرانە ڕوو و بیروڕا لەبارەیانەوە ئالوگۆڕ کران.

هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێم داکۆکی لە یەکڕیزی دەکەنەوە

ئامادەبووان پشتگیرییان بۆ هەولّە چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی

داوا کرا حکوومەتی عێراق ڕێککەوتن و لێکگەیشتنەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات

دوێنێ سێشەممە 2019/12/17 لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، هەرسێ سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان دووەم کۆبوونەوەی دەوریی خۆیان ئەنجامدا.

لە کۆبوونەوەکەدا هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەت، جەختیان لە گرنگیی یەکڕیزی و یەکهەلّوێستیی سیاسیی لایەنە کوردستانییەکان کردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخ و پێشهاتەکان، هەر لەمبارەیەوە هەولّەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا، بەرز نرخێنرا.

کۆبوونەوەکە گفتوگۆکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی فیدرالّ تاوتوێ کرد و ڕۆڵی شاند و تیمە دانوستاندکارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند بۆ ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ وەزارەتی دارایی حکوومەتی فیدرال دەربارەی بابەتی بودجەی 2020 پێیگەیشتوون، هەروەها داوا کرا حکوومەتی عێراقی فیدرالّ ڕێککەوتن و لێکگەیشتنەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات. هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبووان پشتگیرییان بۆ هەولّە چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی، هەروەها تیشکیان خستە سەر جموجوولّەکانی داعش بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و دووپاتیان کردەوە کە سەرهەلّدانەوەی تیرۆر مەترسییەکی ڕاستەقینەیە و پێویستە هاوکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەردەوام بێت.

تاوتوێکردنی پرۆژەیاسای هەلّبژاردن و یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلّبژاردنەکان لە عێراق و پرۆژەیاسای چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، بەشێکی دیکەی کۆبوونەکە بوو.



وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

چوار شەممە 2019/12/18 ژمارە (5895)

www.xebat.net

خەبات



پارتی و گۆڕان تەئکید لە پشتگیریکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی دەکەنەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، جەخت لە پشتیوانیکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی و تێپەڕاندنی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەنەوە و بڕیار دەدەن، کۆبوونەوەی خولیی زیاتر لە نێوانیاندا هەبێت. دوێنێ سێشەممە و پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی نێوانیان، مەحمود محەمەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی نێوانیان کرد و باسی لەوە کرد کە ئالۆزییەکانی ئێستای عێراق هەم مەترسی و هەم دەرفەتی تێدایە، بۆیە دەبێت بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بپارزرێت.

ڕوونیشی کردەوە کە هەوڵ دەدەن لە بەغدا هاوپەیمانێتییەک لە نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان دروست بکەن. لەم پرێس کۆنفرانسە هاوبەشەدا مەحمود محەمەد، ئەوە هەوڵی چارەسەری بدەین. گوتیشی: ڕەنگە هەندێک نیگەرانی هەبن کە بەشێک لە ڕێککەوتنەکان جێبەجێ نەکراون، بەڵام ئەوانە تەنها پێویستییان بە کات هەیە و زەمینەی لەباری بۆ دەڕەخسێنرێت.

هەر لە پرێس کۆنفرانسە هاوبەشەکەدا دەربارە محەمەد، سکرتێری کاروباری ژوورەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، کۆبوونەوەکەیانی لەگەڵ شاندی پارتی بە "گرنگ" وەسف کرد و ڕایگەیاند کە لەسەر ئاستی عێراق، کوردستان و کارەکانی حکوومەت گفتوگۆیان کردووە. ئەوەشی درکاند کە ئەوان دەخوازن لەگەڵ پارتی، کۆتایی بە دۆسیەی سزای سیاسی بهێنن ، هەروەها "هەردوولا جەختمان لەوە کردەوە، پشتگیری لە چاکسازییەکانی حکوومەت بکەین و پرۆژەی چاکسازی لە پەرلەمان پەسەند بکرێت و چاکسازییەکانیش بە گشتی، بەتایبەتیش لە داهات بەردەوام بێت."

لە ڕۆژی ئالای کوردستان
لە بارەگای لقی 16 پێشانگەیەک کرایەوە



بۆ بەرز و پیرۆزڕاگرتنی ڕۆژی ئالای کوردستان و گرنگیدانی زیاتر بە ڕۆژی ئالا، لە هۆڵی بۆنەکانی لقی16 بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجار سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پاریزگای هەولێر و بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی و کارگێڕانی لق و ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و هونەردۆستان پێشانگەیەکی تایبەتی کاری دەستی خانمە هونەرمەند بەهار شێروانی کرایەوە کە تیایدا ژمارەیەک تابلۆی هەمەجۆری لەخۆگرتبوو . لە دەسپێکی کردنەوەی پێشانگاکەدا بەڕێسی لقی16 وێڕای دەستخۆشی گەرمی لە هونەرمەند بەهار شێروانی ڕۆڵی هونەرمەندانی لە ناساندنی میللەتەکەمان بە گەلانی دونیا لە ڕێگەی هونەرەکەیانەوە بەرز نرخاند لە کاتێکدا میللەتەکەمان خاوەنی دەیان هونەرمەندی بە توانایە کە ئەگەر زەمینەیان بۆ بڕەخسێت هیچیان کەمتر نییە لە هونەرمەندە جیهانییەکان و دەتوانن شۆڕش دەستی خۆیان لەنێو هونەری پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر لە کارەکانتان بەدەستبێنن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/12/17

بنکەکانی تیرۆریستانی داعش لە چیای قەرەچۆخ بۆردوومان کران
فەرماندەیەکی پێشمەرگە: داعش لە مەخموور خۆی ڕێکخستووەتەوە و خەریکی پیلانە



دوێنێ سێشەممە بنکەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش لە چیای قەرەچۆخ بوردوومان کران و فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێ، داعش لە مەخموور خۆی ڕێکخستووەتەوە و خەریکی پیلانە. لیوا زریان وەسانی، فەرماندەی پێشمەرگە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بەیانی دوێنێ سێشەممە فڕۆکەکانی عێراق ژمارەیەک بنکەی داعشیان لە چیای قەرەچۆخی نزیک مەخموور بوردوومان کرد، بەڵام ئێمە زانیاریمان دەربارەی زیانەکانی داعش لە هێرشەکانی ئەمڕۆدا نییە.

فەرماندەکەی پێشمەرگە دەشڵێت: چەند ڕۆژێکە داعش لە سنووری قەزای مەخموور خۆی ڕێکخستووەتەوە و بە شێوەی مەفرەزە لە دەشتی قەراج و دەڤەری مەخموور دەستیان بە جوواڵە کردووە، هێزی پێشمەرگەش بە وردی چاودێریی جووڵەی چەکدارانی داعش دەکات لەو سنوورە، بەتایبەتی ماوەی چەند ڕۆژێکە کەشوهەوا تێک چووە.

لیوا زریان ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: زیادبوونی جووڵەی چەکدارانی داعش لە مەخموور جێگەی مەترسییە و ئەوان پیلانیان هەیە لە هەر شوێنێک بۆیان ڕێکەوت، دەستی خۆیان بوەشێنن و هێرش بکەن.

هاوواڵتییەکی بێسەروشوێنبووی کارەساتی هەڵەبجە دۆزرایەوە



منداڵێکی بێ سەروشوێنی هەڵەبجە بەناوی خەلیل سالح دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی پشکنینی دی ئێن ئەی لە ڕێورەسمێکدا بە فەرمی گەڕایەوە نێو خێزانەکەی خۆی و ناسنامەی عێراقی پێدرا. لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە مەراسیمێک ڕێکخرا بۆ گەڕانەوەی هاوواڵتییەکی ونبووی کیمیابارانی هەڵەبجە بەناوی خەلیل سالح کە لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجە لە ئێران لە کەسوکارەکەی دابڕابوو، دوای 31 ساڵ بە خێزانەکەی شاد ببوویەوە.

سەرەتای مەراسیمەکە پاریزگاری هەڵەبجە، ئازاد تۆفیق گوتارێکی پێشکەش کرد و ڕایگەیاند کە هەڵەبجەییەکان تەنها لە کیمیاباراندا زیانبەرکەوتوو نەبوون بەڵکو دوای 16ی ئادار، هەڵەبجەییەکان چوونە ئێران، ئەوروپا و ئاوارە و بێسەروشوێن بوون. ڕاشیگەیاند: 32 ساڵ دوای کارەساتەکە هێشتا فرمێسک ئەڕێژین، ئێستا دڵخۆشین بەو ڕووداوە کە فرمێسکی خێزانێکی سڕیەوە و دوای ئەوەی 30 ساڵ منداڵێک دوور دەبێت لە خێزانەکەی، پێیان شاد دەبێتەوە. بەو بۆنەیەوە سوپاسی ئەو خێزانە دەکەین کە لە ئێران لەخۆیان گرتبوو، ئێستاش بۆیان گەڕانووینەتەوە. هیوادارین هەموو خێزانەکانی تر بەڕۆڵە ونبووەکانیان شاد بنەوە.

دواتر هەریەک لە خەلیل سالح بە زمانی فارسی گوتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە ئەنجامی پشکنینەکان و ئاماژەی بەوەدا کە ئەو نموونەیەکی زیندو بووە لەو زوڵمەی بەرامبەر نەتەوەیەک ئەنجامدراوە.

دواتر فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر ژیانی خەلیل سالح و چۆنیەتی ونبوون و دۆزینەوەی کەسوکارەکەی پێشکەش ئامادەبوان کراو، هەرلەنێو ئەو فیلمە بەڵگەنامەییەدا بڕیاری دادگای هەڵەبجە خوێندرایەوە سەبارەت بەو بەڵگانەی ئاراستەیان کرابوو، بۆ سەرلەنوێ پووچەڵکردنەوەی بەڵگەنامەی مردن و داواکاری بۆ پێدانەوەی ڕەگەزنامەی باری شارستانی عێراق بەو هاوواڵتییە. لە کۆتایی مەراسیمەکەشدا پاریزگاری هەڵەبجە، ئازاد تۆفیق ڕەگەزنامەی باری شارستانی و ناسنامەی نوێی پێشکەش بە هاوواڵتی خەلیل سالح کرد.

پەیامی پیرۆزبایی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ ساڵیادی دامەزراندنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە

هەڤاڵانی بەڕێز بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و کادیر و کارمەندانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە.

بەبۆنەی یەکەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنەوە و پەخشی (تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە) بە سیستەمێکی نوێ و پێشکەتوو و سەردەمیانە لە ڕووی بەرنامەو پرۆگرام و تەکنیکەوە، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بینەران و بیسەرانتان دەکەین، ئومێدەوارین هەمیشە بەردەوام و لە پێشکەوتندا بن.

دامەزراندنی "تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە" وەکو دوو کەناڵی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی لەو دەڤەرە ئازیزەدا، دەسکەوتێکی دیکەی پارتیمان بوو بۆ خزمەتگەیاندن بە هاوڵاتیان و بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی و کولتووری.

ئومێدەوارین شانبەشانی کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لە ڕێی بەرنامە و پرۆگرامەکانتانەوە ڕۆڵی خۆتان ببینن لە هۆشیارکردنەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و زمان و کولتووری ڕەسەنی کوردایەتی.

لەم بۆنەیەدا وێڕای پیرۆزبایمان، جارێکی دیکە پاڵپشتی و پشتیوانی بەردەوامی خۆمان بۆ "تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە" دووپات دەکەینەوە و بەهیواین هەمیشە دەنگ و ڕەنگی خەڵک و خواست و داواکاریەکانیان بن و، پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر لە کارەکانتان بەدەستبێنن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/12/17

دوای مانگێک لە دەستگیرکردنی تەرمی خۆپیشاندەرێکی کورد لە مەریوان دۆزرایەوە

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی مانگێک بەسەر دەستگیرکردنیدا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە، تەرمی خۆپیشاندەرێکی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەنداوێکدا بە دەست و قاچ شکاوی و گوللەبارانکراوی دۆزرایەوە. دوێنێ سێشەممە 2019/12/17 گەنجێکی کوردی تەمەن 28 ساڵ بە ناوی ئیرشاد ڕەحمانیان کە دەرچووی بەشی فریاکەوتنی پزیشکی ، کاتێک دایکی بۆ چارەسەر بردووەتە نەخۆشخانەی شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیر کراوە و دواتر چارەنووسی نەزاندراوە. لەمبارەیەوە مالپەڕی (هەنگاو) کە هەوالی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە، ئاشکرای کردووە، دوو ڕۆژ لەمەوبەر و لە 15ی12ی2019 تەرمی ئیرشاد ڕەحمانیان لە بەنداوی (گاڕان) لە سنووری شاری مەریوان دۆزیوەتەوە. هاوکات باس لەوە کراوە کە بە تەرمەکەدا دیارە ئەو گەنجە کوردە پێش کوژرانی، دەست و قاچی شکێندراوە و فیشەک بەر سەری کەوتووە. لە ماوەی ڕابردوودا ئەمە دووەمین حاڵەتە کە دەزگا ئەمنییەکانی ئێران هەوڵدەدەن ڕووداوی کوژرانی خۆپیشاندەرانی کورد، وەک خۆکوشتن یان خۆخنکاندن بناسێنن. پێشتریش تەرمی گەنجێکی کوردی خەڵکی ئیلام لە شەقامێکدا دۆزرایەوە کە بە تەرمەکەیدا دیار بووە ئەشکەنجە دراوە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/12/18 ژمارە (5895) | خەبات



لە رێوڕەسمێکی شایستەدا رۆژی ئاڵای کوردستان و رۆژی دایک بەرزڕاگیرا

دوێنێ سێشەممە 2019/12/17 بەئامادەبوونی د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان و سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی دیوانی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و فەرمانبەران و کارمەندانی پەرلەمان لە ڕێورەسمێکی شایستەدا ڕۆژی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی دایک بەرز ڕاگیرا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە لەگەڵ سروودی نیشتیمانیی ئەی ڕەقیب بەساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، دواتر لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە. پاشان بەو بۆنەیەوە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وتارێکی پێشکەش کردو تیایدا تیشکی خستەسەر ئەو سەروەری و داستانانەی کە لە مێژووی شۆڕشی نەتەوەو گەلان دەبنە مایەی ئیلهام بەخشین بۆ هونەرمەندان و داهێنەرانی تابیکەن بەهێماو نیشانەو نەخشاندنی ئاڵاکەیان کە تیایدا سەرجەم قۆناغەکانی مێژوو و بەهاپیرۆزە نەتەوەییەکانی ڕەنگبداتەوەو ڕاشیگەیاند: گەلی کوردیش بەدەر نییە لەهەر میللەتێکی دیکە کە خاوەنی سەدان داستان و شۆڕشی گەورەیە لەمێژووداو لەهەر قۆناغێکی شۆڕشەکانیشیدا خاوەنی ئاڵاو پەرچەمی خۆی بووە، ئاڵایەک کەهەموو ڕەنگەکانی پێناسەن بۆ شۆڕش و ئاشتی و ژینگەو ژیان.

د.بەشیر حەداد و سەلیم جبوری ڕەوشی عێراقیان تاوتوێ کرد

دوێنێ سێشەممە 2019/12/17 دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە شاری بەغدا پێشوازیی کرد لە دکتۆر سەلیم جبوری سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لە کۆبوونەوەیەکدا باسی کۆی پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراقییان کرد.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا چەندین پرس و دۆسیە دیکەیان تاوتوێ کرد لەوانەش ئیستیحقاقە دەستوورییەکان و پێکهێنانی حکوومەتی نوێ بۆ ئەوەی لەم قۆناغە هەستیار و قورسەدا کە وڵات پێیدا تێدەپەڕێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

دکتۆر بەشیر حەداد جەختی کردەوە لەسەر پێویستیی بەردەوامبوونی دیالۆگ لەنێوان فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران و لایەنەکانی کایەی سیاسی و گفتوگۆکردنی دەستپێشخەرییە نیشتیمانییەکان کە ئەم چەند ڕۆژە لەلایەن هەندێک کەسایەتی سیاسی خرانە ڕوو، داواشی لە تەواوی لایەنەکان کرد کە بەرژەوەندیی عێراق و گەلەکەی بخەنە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە.

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ڕایگەیاند کە ئەم سەردانەی بۆ هەرێمی کوردستان و دیدارەکانی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم و هێزە سیاسییەکان بۆ ئەوە بووە کە گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکات کە ئاڕاستەی ئاڵۆزی سیاسیی عێراقی کردووە و ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەتەوە، بەتایبەتی لەسەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکی عێراقەوە هەیە.

ڕوونکردەوە کە فراکسیۆنە کوردستانییەکان سوورن لەسەر بەرقەراریی سیاسی و ئاسایش لە هەموو وڵات و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بەهاووڵاتیان لەڕێگەی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵک لە هەڵبژاردنی حکومەتێکی نیشتیمانی بەهێز کە بتوانێت ئەم قەیرانەی ئێستا تێپەڕێنێت، لەگەڵ چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بتوانێت ئەرکە چاودێری و یاساداناو پەسەندکردنی یاساکان و وەڵامدانەوەی داواکارییە ڕەواکانی خۆپێشاندەران.




ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆ دەبێتەوە و تاوتوێی دوو پرۆژەیاسا دەکات

بریارە ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/12/18 پەرلەمانی کوردستان کۆ ببێتەوە و دریژە بە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممە 2019/12/17 بدات. بەپێی زانیارییەکانیش، لەو کۆبوونەوەیە، دوو پرۆژەیاسا تاوتوێ دەکرێن، کە بریتین لە؛

– دریژەپێدان بە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممە بۆ خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

– خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای بۆنە تورکمانییەکان لە هەرێمی کوردستان.



ئاڵای کوردستان لە مالیزیا هەڵکرا

شاندێکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا بەشداریی لە کۆنفرانسی ساڵانەی ئایکاپ لە مالیزیا کرد و لە میانەی بەردەوامیی کۆنفرانسەکەدا ئاڵای پیرۆز و ڕەمزی گەل و نەتەوەکانی کوردستان لەسەر بالاخانەی کۆنفرانسەکە شانبەشانی ئاڵای وڵاتانی بەشداربوو کە پێکهاتبوون لە 31 وڵات، هەڵکرا.

شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان پێک هاتبوو لە عەبدولسەلام زێباری و جەنگیز ئاوەکەڵی، کە هەر لە کۆنفرانسەکەدا بەشداربووان پیرۆزباییی ئەو ڕۆژەیان لە گەلی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی زیاتر و بەردەوامیی گەشەسەندن و پێشکەوتنیان بۆ هەرێم و گەلی کوردستان خواست. پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوی (ICAPP)یە، کە ئەم ڕێکخراوەیە پێک دێت لە زیاتر لە 300 پارتی سیاسی و ژمارەیەکیان پارتی حوکمڕانن لە وڵاتانی ئاسیا و کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی خۆیان هەیە. جێی باسە، ئەو کۆنفرانسە بە بەشداریی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی هەینی ڕێککەوتنی بریگزیت دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی بەریتانیاوە

حکوومەتی بەریتانیا، ڕایگەیاند لەم هەفتەیەدا ڕێککەوتنی جیابوونەوە لە یەکێتی ئەورووپا "بریگزیت" لە پەرلەمان دەخاتە دەنگدانەوە. گوتەبێژێکی سەرۆکایەتی وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند، ڕۆژی هەینیی داهاتوو پرۆژەیاسای تایبەت بە بریگزیت دەخرێتە ڕۆژەڤی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا کە تازە هەڵبژێردراوە. گوتەبێژەکە، ئاماژەی بەوەکرد کە ڕێککەوتنامەی بریگزیت دەبێتە یەکەم پرۆژەیاسای حکوومەتی پارتی پارێزگاران کە لە هەڵبژاردنە پێشوەختەکە سەرکەتنێکی گەورەی بەدەستهێنان و توانی بە تەنها حکوومەت پێکبهێنێت.

ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا کە لە 650 کورسی پێکدێت، سەرۆکوەزیران، بۆریس جونسن خاوەنی 365 کورسییە و بەم ژمارەیەش بە پێچەوانەی کاتەکانی دیکە بەبێ هیچ کێشەیەک دەتوانێت پرۆژەیاساکە تێپەڕێنێت. لەگەڵ پەسەندکردنی ڕێککەوتنەکە بەریتانیا لە 31ی کانوونی دووەمی ساڵی 2020ـەوە بە یەکێتی ئەورووپا جیادەبێتەوە و گفتوگۆیەکانیان لەگەڵ یەکێتییەکە تاکو ماوەیەکی دیکە بەردەوام دەبێت.

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا:

مافی ئەوەمان هەیە بەرگریی لە خۆمان بکەین لە عێراق




وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئێسپەر ڕایگەیاند کە هانی حکوومەتی عێراقی داوە کە هەنگاوێی پێویست بگرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی لە ماوەکانی ڕابردوودا، ژمارەیەک سەربازگە کە لە عێراق سەربازانی ئەمەریکا تیایاندا جێگیرکراون، بۆردومانکران. مارک ئێسپەر لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: مافی ئەوەمان هەیە بەرگریی لەخۆمان بکەین لە عێراق و هەرواش دەکەین.

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا باسی لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی کرد کە دوێنێ دووشەممە لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئەنجامیدابوو و گوتی: لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا هانی عادل عەبدولمەهدی-م دا کە ڕێوشوێنی پێویست بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکە بگرێتەبەر، دوای ئەوەی لە ماوەکانی ڕابردوودا، بە تایبەتیش دوای ئەوەی لە ماوەکانی ڕابردوودا، ژمارەیەک سەربازگە لە عێراق کە سەربازانی ئەمەریکا تیایاندا جێگیرکراون بۆردومانکراون.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایە چی لایەنێک هێرشەکانی ئەم دوایییەی لە عێراق ئەنجامداوە، مارک ئێسپەر گوتی: لەوباوەڕدام، ئێران هێرشەکانی ئەنجام دابێت، هەر وەک چۆن لە پشت زۆرێک لە هەڵسوکەوتی بەدکارانەیە لە ناوچەکە. پێشتریش نووسینگەی عادل عەبدولمەهدی ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە ناوەڕۆکی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بڵاوکردبوویەوە و تیادا ئاماژەی بەوەکردبوو کە لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، گفتوگۆکراوە سەبارەت بە بەردەوامبوونی هاوکارییەکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا دژبە تیرۆر، هەروەها پالپشتیکردنی هەوڵەکانی هێزە هاوبەشەکان کە بۆ ڕاوەدوونانی پاشماوەکانی داعش و پاراستنی سەقامگیریی عێراق خراونەتەگەڕ، تاوتوێکراوە. ڕاشیگەیاندبوو کە هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، مارک ئیسپەر نیگەرانی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە بۆردومانکردنی ئەو دامەزراوە و سەربازگانەی کە لە عێراق سەربازانی ئەمەریکا تیایاندا جێگیرکراون و داواشیکردووە ڕێوشوێنی پێویست بە ئامانجی پێشگرتن لە بۆردومانکردنی ئەو سەربازگایەنە بگیرێتەبەر.

عەبدولفەتاح سیسی: هیچ کەسێک ناتوانێت ناسنامەی نەتەوایەتی کورد ڕەش بکاتەوە





K24/عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر لە وەڵامی پرسیاری کچە کوردێک ڕایگەیاند، هیچ کەسێک ناتوانێت ناسنامەی نەتەوایەتی کورد ڕەش بکاتەوە و گوتی: گەلی کورد بە درێژایی 60 ساڵ ڕابردوو نالاندوویەتی. کچێکی کورد لە کۆڕبەندی لاوانی جیهان لە شەرمەلشێخ، کە بە بەشداری زیاتر لە 8هەزار لاو لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی ناوچەکە بەڕێوەدەچێت و عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر ئامادەی بوو، لە بارەی ناسنامەی کورد پرسیاری لە سەرۆکی میسر کرد. ئەو کچە کورده لە پرسیارەکەدا ئاماژەی بە مافی پێکهاتە نەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ کردووە لە ناوچەکە، باسی لەوە کردووە کە نازانێت داهاتووی لە ناوچەکە چۆن دەبێت.

عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر لە وەڵامدا گوتی: لە ماوەی سااڵنی ڕابردوو، کورد بەسەر وڵاتانی ناوچەکە دابەشکرا، کە ئێران و تورکیا و وڵاتانی دیکەش بوون، هیچ کەس ناتوانێت ناسنامەی نەتەوایەتیت لێ زەوت بکات، سەرەڕای ئەوەی کە ڕوویداوە تۆ لێڕەی و قسە دەکەی.

لە بارەی زمانی کوردیش، سیسی دەڵێت: زمانی کورد و داب و نەریتی تایبەت بە کورد ماوەتەوە، بەڵام لەدەستچوونی بەشێک لە سەرچاوە و سەرمایەی تایبەتی نەتەوایەتی گەلی کورد ئەو باجەیە کە بەهۆی لەدەستیداوە.

رۆژی ئاڵای کوردستان لەسەر قەڵای هەولێر بەڕێوەچوو





پارێزگاری هەولێر فەرسەت سۆفی بۆ ئاژانسی ئانادۆلو: ئەمڕۆ رۆژێکی میژوویی و هەڵکردنی ئاڵا بۆ هەموو کوردستانییەکان پیرۆزییەکی خۆی هەیە چونکە شەهیدمان لە پێناوی داوە و هەموو هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان پەرۆشییان بۆ مانەوەی ئەم ئاڵایە هەیە، ئێمەش ئامادەین شکۆی ئەم ئاڵایە بپارێزین. بەبۆنەی رۆژی ئاڵای کوردستان، بەبەشداری پارێزگاری هەولێر فەرسەت سۆفی و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکوومی، ڕێوڕەسمێک لەسەر قەڵای هەولێر بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان دەستی پێکرد و دواتریش نمایشێکی ئەسپسواری ئەنجامدرا. لە ڕێوڕەسمەکەدا ئاڵای کوردستان لەسەر قەڵای هەولێر هەڵکرا و دواتریش پارێزگاری هەولێر فەرسەت سۆفی بۆ ئاژانسی ئانادۆلو گوتی: "ئەمڕۆ رۆژێکی میژوویە و هەڵکردنی ئاڵا بۆ هەموو کوردستانییەکان پیرۆزییەکی خۆی هەیە چونکە شەهیدمان لە پێناویدا داوە و هەموو هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان پەرۆشییان بۆ مانەوەی ئەم ئاڵا هەیە، ئێمەش ئامادەین شکۆی ئەم ئاڵایە بپارێزین.

دواتریش لەلایەن ڕێکخراوی سوارچاکانی کوردستان نمایشێکی ئەسپسواری بەڕێوەچوو.

لە ساڵی 1999 پەرلەمانی کوردستان رۆژی 17ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکی وەک رۆژی ئاڵای کوردستان دیاری کرد.

ئاڵای کوردستان بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بووەتە ئاڵای فەرمیی هەرێمی کوردستان و نیشانە و ڕەنگەکانیشی دیاری کراوە. لە بڕیارەکەدا هاتووە، ئاڵای کوردستان لاکێشەیە و پانییەکەی دوو لەسەر سێی درێژییەکەیەتی و دابەشکراوە بەسەر سێ لاکێشەی یەکسان.

لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە و هێمایە بۆ شەهیدان و، لاکێشەی ناوەڕاست سپییە و هێمایە بۆ ئاشتیخوازیی گەلی کوردستان و ئازادیی و لێبووردن، هەروەها لاکێشەی خوارەوە سەوزە و هێمایە بۆ کشتوکاڵ و ژینگەی کوردستان. لە ناوەڕاستی ئاڵاکەخۆرێک هەیە کە هێمایە بۆ بەردەوامیی ژیان و جەژنی نەورۆز.

سەربەست تروانشی ب گرنژینا زاروکان ڕۆژا ئالایی هەمبێز کر



بهەلکەفتا ڕۆژا ئالایێ کوردستانێ و ب ئامادەبوونا هژمارەکا زاروکێن باخچێ زەری سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێسەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک دگەل کەیف خوەشیا وان شاد بوو، کو دڤان ڕێورەسمان دا هند چالاکی ب ئالا و سرودێن نیشتمانیڤان زاروکان دەربرین ژ ڤێ ڕۆژێ کرن، پاشرا بەرپرسێ لقێ هند دیاری ب سەر وان زاروکان پارڤەکرن.

بەرپرسی لقی 16 مامۆستایان هەمیشە پێشەنگ بوونە لە پێگەیاندنی نەوەکانی میللەتەکەمان



لەپێناو گرنگیدانی زیاتر بەمامۆستایان و کارمەندانی کەرتی پەروەردەو خوێندن و زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریان لەبواری جیاجیاکاندا، بەئامادەبوونی کاکەمین نەجارِ سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێرو بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردەو بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو بەڕێوەبەرانی پەروەردەی خەبات و دەشتی هەولێر و شەڤلاوە و ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەیی، لەمەراسیمێکی جوان و شایستەدا کۆتایی هێنرا بەخولێکی ڕۆشنبیری کە لێژنە ناوچەی زانست بۆ 86 کادیری سنوورەکەیان کردبوویەوە.

لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بڵند ئیسماعیل ئاماژەی بەرۆڵی گرنگی مامۆستایان و کارمەندانی کەرتی پەروەردەو خوێندنداکە پێشەنگ بوونە لەبڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و پێگەیاندنی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی میللەتەکەمان بێگومان ئەمەش بەیەکێک لە پیرۆزترین ئەو کارانە دادەنرێت کە مرۆڤ پێشکەشی نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی بکات، بۆیە ئومێدەوارین دەرچووانی ئەم خولە تواناکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی تەواوی ئەو زانست و زانیاریەی لەماوەی خولەکەدا لێیوەی سوودمەندبوون لەژیانی ڕۆژانەیاندا پراکتیزەی بکەن و بیگەیەنن بەهەڤاڵەکانیان تاکو لەرێگەیەوە زۆرترین حزمەت بەکۆمەڵگاکەمان بکەین.

دواتر هەریەک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوو وتەی جیادا ئاماژەیان بەرۆڵی پەروەردە و خوێندن لەهەرێمی کوردستان کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو هاوکارییەک دەربڕی لەپێناو پێشخستنی ئەو کەرتە گرنگەدا. لەکۆتایی مەراسیمەکەدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووەوە بڕوانامەی دەرچوون بەخشرایە 86 بەشداربووی خولەکە کەماوەی مانگێکی خایاند.

ڕانیە... لە ڕۆژی ئاڵادا لقی 11ی پارتی چەند چالاکییەکی ئەنجامدا



خەبات- ڕانیە: دوێنێ سێشەممە ڕێکەوتی 2019/12/17 بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان، لە ڕێ و ڕەسمێکی شکۆداردا و بە سەرپەرشتی هیوا گەیلانی بەرپرسی لق و بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق و لێپرسراوانی لێژنەی ناوچە و، ئەندامانی لق و کادیرانی لق و لێژنە ناوچەکان و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان لە پارکی شار لە ناو بازاڕی ڕانیە لەگەڵ مارشی ئەی ڕەقیب ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەلایەن بەرپرسی لقەوە هەڵکرا. دواتر بەرپرسی لق وتەیەکی پێشکەشکرد و باسی لە گرنگیی ئاڵا وەک سیمبولێ نەتەوە و گرنگی و پیرۆزیی ڕۆژی ئاڵای کوردستانی کرد و گوتی: لەم ڕۆژە دا جوانترین دیاری لای ئێمە بۆ دەروازەی ڕاپەرین شەکانەوەی ئاڵای کوردستان بوو. لەلایەکی دیکەوە هەمان ڕۆژ بە مەبەستی پیرۆزکردنی ساڵیادی دامەزراندنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دەروازە، بەرپرسی لقی11 و شاندی یاوەری سەردانی بارەگای ئەو دوو دەزگایەی کرد و وێڕای پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەران و کارمەندانی هەردوو دەزگایەکە، هاوکات هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

ل پارێزگەها دهوکێ روژا ئالایێ کوردستانێ بلند هاته راگرتن



خەبات دهوک: ب هەلکەفتا روژا ئالایێ کوردستانێ چەندین چالاکی هاتنە ئەنجامدان دڤی چارچوڤەیدا ل پارکا بارزانی ل سنەنتەرێ دهوکێ چالاکییەکا جەماوەری هاتە ئەنجامدان ل دور بابەتی پەهلەوان حەیدر ڕێڤەبەرێ دەزگایێ پاراستنا ئالایێ کوردستانێ گوت: مە وەکو دەزگەهێ پاراستنا ئالایێ کوردستانێ ل سەرانسەری کوردستانێ ب ڕێکا 33 نڤیسینگەهێن خو هەروسا نڤیسینگەهێن زانکو و خانکێ وب تایبەتی ل باکورێ کوردستانێ و ئەورپا و ل ڕوژهەلاتێ کوردستانێ و ڕوژئاڤا هەر چەندە مە هەڤالێن خو ئاگەهدارکرن کو ل وان دەولەتا خو توشی چ ئاریشا نەکەن لێ ئەو درژدبون کو ل قوتابخانا تشتەکی بکەن و روژا ئالای ساخکەن، هەروسا ل کەرکوکا دلێ کوردستانێ هەڤالێن مە بەرهەڤێێن باش کرینە کو روژا ئالایێ کوردستانێ ساخکەن.ڕێڤەبەرێ دەزگایێ پاراستنا ئالایێ کوردستانێ دیارکر کو تشتێ نوو یێ ئەڤ سالە هاتیە کرن مە ل هەردوو دەرگەهێن تونێلا ڕێکا دهوک زاخو ئالاێێن مەزن دانینە و لدوڤ پێشبینییێن مە پتر ژ 20 هزار ئالاێێن دەستی وجورا وجور هاتینە بەلافکرن هەروسا ل پارکا بارزانیێ نەمر ل دهوکێ ب چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ ئالایێ کوردستانێ ب بلندهایا 50 متران وقەبارێ 10-15 هاتە بلندکرن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا 1ی1ی 2020 مۆڵەت بە کۆمپانیاکانی دەرمان دەدات

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی:

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێنمایی بۆ کۆمپانیاکانی دەرمان داوە و کەمتر لە 15 ڕۆژیشیان لە بەردەم ماوە تاوەکو ناوەڕۆکی ڕێنماییەکە جێبەجێ بکەن، بە پێچەوانەوە دادەخرێن.

د.مەحمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەخەبات ی ڕاگەیاند، لە مانگی 10ی ئەمساڵەوە سەرجەم کۆمپانیاکانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان ئاگادار کراونەتەوە کە پابەندی ڕێنماییەکان بن و ئەگەر کەموکوڕییەک هەبێت، چارەسەری بکەن.

ڕوونیشی کردەوە کە ڕێکاری بۆ بابەتەکانی گواستنەوەی دەرمان، هەڵگرتن، ماوە بەسەرچوو، بەفرگر، چۆنیەتیی بەبازاڕکردنی دەرمان، پلەی گەرمیی کۆگاکانی دەرمان و..هتد دەکرێت.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هۆشداری دا کە ئەگەر تاوەکوو 1ی1ی2020 کە کەمتر لە 15 ڕۆژی ماوە، هەر کۆمپانیایەکی دەرمان پابەندی ڕێنماییەکان نەبێت، ئەوا مۆڵەتی کارکردنی لێ دەسەندرێتەوە و ڕێگەی پێ نادرێت لە هەرێمی کوردستاندا کار بکات.

هەرێمی کوردستان... لە چوار ساڵدا هەزار قوتابخانە نۆژەن کراونەتەوە



سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بوودجەیەکی تەرخانکردووە بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان. لەمبارەوە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێریش ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەنگە ئەو بوودجەیە بەشی نۆژەنکردنەوەی سەرجەم ئەو قوتابخانانە نەکات کە پێویستییان بە نۆژەنکردنەوە هەیە و گوتی: ئەمساڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ڕەزامەندی دا بە دابینکردنی یەک ملیار و 500 ملیۆن دیناری عێراقی بۆ نۆژەنکردنەوەی سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە لەو بڕە پارەیەش 500ملیۆنی بەر پارێزگای هەولێر بکەوێت، بەڵام ڕەنگە بەو بڕە پارەیە هەموو قوتابخانەکان نۆژەن نەکرێنەوە، قوتابخانەی زۆرترمان هەیە کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، کۆی باخچەی ساوایان لە پارێزگای هەولێر 165 باخچەیە، هەروەها هەزار و 565قوتابخانەی بنەڕەتی، 221 قوتابخانەی ئامادەیی، 180 قوتابخانەی دواناوەندی، 11 پیشەیی، 8 پەیمانگا و 9 خوێندنی خێرا کە کۆی گشتی بریتییە لە دوو هەزار و 159 ناوەندی خوێندن لە سنووری پارێزگاکە هەیە.

شاندێکی بازرگانانی هەرێم بۆ دیدارێکی ئابووری سەردانی تورکیا دەکات

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ژووری بازرگانیی هەرێمی کوردستان، ئەسکەندەر محەمەد گوتی: دوای باشبوونی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان، شاندێگی گەورەی بازرگانی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار بەو شێوەیە سەردانی وڵاتی تورکیا لە شاری میرسین دەکات و دیدارێکی ئابووری لە نێوان شاری میرسین و هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت و تێیدا باسی کاری هاوبەشی وبەهرهێنان دەکەن. ئ ەسکەندەر محەمەد گوتیشی: دیداری ئابووریی نێوان هەرێم و میرسین لە تورکیا ڕۆژی پێنجشەممەیە و یەک ڕۆژ دەخایەنێت و ڕۆژی هەینی سەردانی ئەدەنە و پارێزگاری ئەو شارە دەکەین. ئەمەش لە کاتێکدایە، دوای باشبوونی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ جوولەی بازرگانیی هەرێمی کوردستان لەگەشەسەندنداید ایە و پێشڤەچوونی باشی بە خۆیەوە دیووە و بەردەوام شاندی بازرگانیی وڵاتان بۆ کاری وبەهرهێنان سەردانی هەرێم دەکەن و شاندی بازرگانیی هەرێمیش سەردانی وڵاتان دەکەن.

خەبات www.xebat.net
چوارشەممە 2019/12/18 ژمارە (5895)

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ ڕۆژنامەی «خەبات» دەدوێت

د. محەمەد شوکری: لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکوومەت پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەگاتە ناوچە دوورە دەستەکان

لەمەودوا کارەکان بە پێی نەخشەو پلانی تۆکمە دەبێت و لەو حاڵەتەدا چیتر زەویش بەهەدەر ناڕوات

2-1

خەبات: سەید فاتیح بەرزنجی

دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لە دیانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات کاروچالاکی و بەرنامەی دەستەی وەبەرهێنان بەوردی دەخاتەڕوو، هاوکات باس لە پلانی ئایندەی وەبەرهێنان لە کوردستان دەکات و ئاماژەیش بەوە دەدات کە ئایندەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان فراوانتر دەکەن.



دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەسەرەتای دیدارەکەیدا بۆ خەبات گوتی: لەگەڵ دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاگەیاندنی کارنامەی حکومەتی هەرێم ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنان دوای دەست بەکاربوونمان لەیەکەم هەنگاوی کارکردنمان چەند خاڵێکی سەرەکی و گرنگ و سوودبەخشمان خستە بەردەستی خۆمان یەکێک لەو خاڵانە لە هەفتەی یەکەم لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆ پێداچوونەوە بە هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان. دیارە ئەو لیژنەیە زۆر بە تۆکمەیی کارەکانی خۆی دەستپێکردو لیژنەکە توانیان لە ماوەیەکی کەم ئەو بابەتەیان تەواو کرد.

دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ڕوونیکردەوە: ئەو ڕەشنووسەی کە ئێمە ئامادەمان کردووە گەیشتۆتە ئەنجوومەنی شوراو دواتر دەدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران و لەوێشەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەچێت تا هەمواری ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت و گرنگترین خاڵی ئەو هەمواره بریتییە لەوەی کە باسی لێوە بکەین ئەویش یاسای ژمارە چواری ساڵی (2006)ـەو باشترین یاسایە لەو ناوچەیەو لەدوای دەرچوونی ئەو یاسایە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی یەکجار زۆری پڕۆژەی وەبەرهێنان لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجامدراون لە هەموو سێکتەرەکان وهەندێ کێشەو گرفت وکەموکوڕی هەبووە لە جێبەجێکردن و هەوڵ دەدەین ئەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکەین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ئاستەنگەکان نەهێڵین و لە یاساداً شوێنیان بۆ بکەینەوەو دەوڵەمەندترى بکەین، خاڵێکی دیکەی گرنگ کە کارمان لەسەر کردووەو بریتییە لەو ڕۆتینە دوورو درێژەی کە لەدروستبوونی مۆڵەتی وەبەرهێنان و هەندێ مۆڵەت هەبووە چەند ساڵێکی خایاندووە تا مۆڵەتەکە تەواوبووە و ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنان دەمانەوێت هەرخاڵێک ڕۆتینی تیابێت ئەوا لە هۆکارەکەی دەکۆڵینەوە ودەبێ لە نزیکەوە بزانین بۆچی ئەو ڕۆتینە دروست دەبێت، بۆیە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین.

دروستکردنی بۆردێکی سیستەمی یەک پەنجەرەیی

دواتر دەربارەی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرەیی دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان گوتی: دروستکردنی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرەیی کارێکی باشەو لەو بۆردە دەکۆڵینەوەو هەوڵ دەدەین بزانین لە کوێ ئاریشەمان هەبێت و لەکوێ ئاستەنگ دروست دەبێت، ئێمە لەوێدا چارەسەری دەکەین تا ئەو مۆڵەتەی کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا دوو تا سێ ساڵی دەوێست بۆ ئەمجارە دەتوانین بەماوەی چەند ڕۆژێک کێشەی ئەو مۆڵەتە چارەسەر بکەین.

لەخاڵێکی دیکەدا سەرۆکی دەستەی وەبەر هێنانی کوردستان دکتۆر محەمەد شوکری گوتی: پێشتر ئێمە نزیکەی 945 مۆڵەتی وەبەرهێنانمان داوە تا ئێستا کە ئەو ڕاپۆرتە ئامادە دەکەین هێندە مۆڵەتە لەدەستەی وەبەرهێنانداا دەرچووە ئەو مۆڵەتانەش چۆن بە وەبەرهێنەران دراوە ئەویش خودی وەبەرهێنەران هاتوون و داوایان کردووە، کە پڕۆژەیان هەیەو کاری بۆ دەکەن، بەڵام ئێمە ئەو پڕۆسەیە پێچەوانە دەکەینەوەو بەپێی ئەولەویاتی حکومەت کاری لەسەر دەکەین، پێویستیمان بە چ جۆرە پڕۆژەیەک هەیێت کار بۆ ئەوە دەکەین، لای هەموو کەسێک ئاشکرایە کە ئێمە ئەمڕۆ پێویستیمان بە پڕۆژەی ژێرخانی ئابووریەو ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنان نەخشەی خۆمان لە پڕۆژەی ژێرخانی ئابووری دادەنێین و سەیر دەکەین، کە پێویستیمان بە چەند پڕۆژەی پیشەسازییە لەچ بوارێک و لە چەند پڕۆژەی کەرتی کشتوکاڵ و پڕۆژەی گەشت و گوزارو پڕۆژەی کەرتی تەندروستی و پەروەردەو هەموو سێکتەرە خزمەتگوزاری و ئابووریەکان، کە خزمەت بە هاووڵاتیانی کوردستان دەگەیەنن ئێمە ئامادەیان دەکەین و لەڕێگەی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرەیی هەوڵ بۆ دابینکردنی زەوی دەدەین ئەویش بەپێی پێویستی حکومەتی هەرێم و پێویستی خەڵک و بەرەوپێشبردنی ئابووری وڵات، ئینجا ئێمە ڕایدەگەیەنین بۆ نموونە دەڵێین ئێمە پێویستیمان بە کارگەیەکی چیمەنتۆ هەیە لەو شوێنەو کێ نیازی دانانی ئەو کارگەیەی هەیە و بەباشترین کوالیتی بۆمان ئەنجام بدات کە لە قازانج و سوودی خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە یاخود پێویست بوون بە پڕۆژەیەکی کشتوکاڵ لەو شوێنەی کە دەمانەوێت یاخود پڕۆژەیەکی تەندروستی و دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورەو پڕۆژەیەک هەبێت کار بۆ ئەوە دەکەین، پێویستە دروست بکرێت یاخود دروستکردنی قوتابخانەیەکی نموونەیی کوالیتی بەرز لەو شوێنەی کە گرنگە دروست بکرێت لەمەودوا کارەکان بە پێی نەخشەو پلانی تۆکمە دەبێت و لەو حاڵەتەدا چیتر زەویش بەهەدەر ناڕوات و تەرکیزیشمان لەسەر دەوروبەری شارە گەورەکان دەبێت وەک شارەکانی بچێتە شارۆچکەکان نیشتەجێ بێت و دریژە بە ژیانی خۆی بدات.

ئەو پڕۆژانەی کە لەساڵانی ڕابردوو وەستابوون دەدرێنە وەبەرهێنەری نوێ

دواتر دەربارەی ئەو پڕۆژانەی کە پێشتر وەستا بوون دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: دیارە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا ژمارەیەک پڕۆژە لەکار وەستا بوون لەبەر هۆکاری قەیرانی دارایی لە ئێستادا لەگەڵ وەبەرهێنەری تازە لە گفتوگۆداین تا وەبەرهێنەری تازە پڕۆژەکان تەواو بکەن لەبەر ئەوەی لەهەندێ پڕۆژەی وەکو یەکەی نیشتەجێبوون هاووڵاتیان پارەیان دابوو لەبەرامبەر وەرگرتنی یەکەی نیشتە جێ بوون و چاوەڕوانی تەواوکردنی دەکەن، چەندین کێشەی لەو جۆرە لە پڕۆژەکان هەبوون خەریکین لەگەڵ وەبەرهێنەری تازە چارەسەری دەکەین و بڕیاری پێویستیان لەبارەیەوە دەدەین و لەکاتی دەست پێکردنەوەی ئەو پڕۆژانە لەنزیکەوە چاودێری وردی پڕۆژەکان دەکەین، بۆ ئەمجارەو لەکاتی دەستپێکردنەوەی پڕۆژەکان پێویستە وەبەرهێنەرە تازەکان کارەکانیان لەجاران باشترو مۆدیرنانەترو ئەندازەییتر دەست پێبکەنەوەو لیژنەی تایبەتمان داناوە بۆ ئەو پڕۆژانەی کە لەبەر چەندین هۆکار لە کار وەستابوون، وەک پڕۆژەی دەشتی بەهەشت و چەند پڕۆژەیەکی دیکە خەریکین چارەسەری ئەو کێشانە دەکەین بۆ نموونە پڕۆژەی دەشتی بەهەشت ئیعلانمان کردووە کە وەبەرهێنەر بێن تا چارەسەری کێشەکانیان بۆ بکەین لەبەر ئەوەی پڕۆژەیەکی گەورەیە و

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان: پێشتر وەبەرهێنەر خۆی پڕۆژەی پێشکەش کردووە، ئێمە ئەم پڕۆسەیە پێچەوانە دەکەینەوە

لەم نزیکانە چارەسەری پڕۆژەی دەشتی بەهەشت دەکەین، چونکە خەڵک پارەی داوەو پڕۆژەکەیش گەورەیە



دروستکردنی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرەیی کارێکی باشە و ڕۆتین ناهێڵێت

هەڵەبجەو زاخۆ ئاکرێ و سۆران و چەمچەماڵ و دەڤەری ڕاپەڕین و ئامێدی و بەردەڕەش و گەرمیان و.. هتد. بۆ لەمەودوا تەرکیز لەسەر هەموو ئەو شوێنانە دەکرێت و لەهەموو ڕوویەکەوە کار بۆ هەموو شوێنەکان دەکرێت بەبێ جیاوازی کارو پڕۆژە ئەنجام دەدرێت و ئاوەدانی زیاتریش دەکەوێتە ئەو شوێنانە، هەوڵەکانمان بۆ هاندانی خەڵکی بێت تا لە شارە گەورەکان دوور بکەوێتەوەو بەم نزیکانە چارەسەری کێشەکانی ئەو پڕۆژەیە دەکەین جگە لەوە خەریکی ئەوەین کە ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە وەک هەیکەل ماونەتەوە دەرفەتێکمان پێداون تا خۆیان کۆبکەنەوە بۆ تەواوکردنی ئەو پڕۆژە ناتەواوانەو داوامان لێ کردوون هەرهیچ نەبێت دیوی دەرەوەی ئەو هەیکەلانە تەواو بکەن.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/12/18 ژمارە (5895)
خەبات



ئاڵا و دایک...

دوانەی بەرزو پیرۆز لای تاکی کورد

ژیلا کەریمی


شوناس و ڕێزی مرۆڤ بە بوونی خاک و ئاڵایە و جگە لەوەش بەرزی هەر تاکێک بە بەرزی بنەماڵەی و بە تایبەت دایک پێودر دەکرێت. هاوکات بوونی ئەو دوو بۆنەیە لای کورد دەبێت خوێندنەوە و گرنگی تایبەتی خۆی بۆ بکرێت کە بێشک ئەو هەڵکەوتە بێ هۆ نەبووە.

دایک لە کلتووری کوردیدا بەو پەڕی ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، پەروەردەی دیک، زمانی دایک و لە هەموان گرنگتر وەک ڕووناکی و سۆز و ئاوەدانی ماڵەوە سەیر دەکرێت تا ئەو جێگەیەی کە لای زۆربەی کورد دەوترێت منداڵ بە نەمانی دایکی هەتیو دەبێت. کەواتە دەبینین ئەو پەروەردەیەی کە لە ئامێزی دایک و بەسۆزی دایک کراوە پیرۆزییەکی تایبەتی خۆی هەیە.

ئینجا ئاڵا وەک پێناسەی هەر گەلێک کە سااڵنێکە و لە کلتوور و نەتەوە و وڵاتی جیاواز شانازی بە هەڵدان و شەکانەوەی دەکرێت. هەر لە کۆنەوە کەوتنی ئاڵا لە شەڕەکان بە مانای شکست هاتووە و خوێن لە پای دایم بە بەرز مانەوەی ڕژاوە.

گەلی کورد وەک گەلێکی زیندوو بێ مەبەست ئەو دوو یادەی لە ڕۆژێکدا دانەناوە و بەرزڕاگرتن و ڕێزگرتن بنەمای ئەو هاوکات بوونەیە. هەرچەند هەندێ کەس و الیەن کە ڕەنگە بێ مەبەستیش بێت تۆزێک یادی دایک بە کاڵتر ڕێز دەگرن، بەاڵم بە الی من ئەوش هۆکاری خۆی هەیە و ئەویش بوونی کۆمەڵێک دوژمنی نێوخۆیی و ئیقلیمی و دەرەکییە کە هەوڵ بۆ لەنێوبردنی خاک و ئاڵامان دەدەن و بێشک ئەمەش وایکردووە کە زیاتر بە بایەخەوە لە ئاڵامان بڕوانین.


تەمەنی گونجاو بۆ دەسپێکی ژیانی هاوبەش



ڕاپۆرت/ پەریهاعومەر

تەمەنی گونجاو بۆ ئەوەی هاوسەرگیری تێدا ئەنجام بدرێت لەسەر چ بنەمایەک دیاریدەکرێت . خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری دەست پێدەکات یان دوای هاوسەرگیری؟ زۆر کەس پێیانوایە خۆشەویستی پێش زەواج باشترە و وائەکات مرۆڤ پەرە بە خۆشەویستییەکەی ئەمانە هەمووی کۆمەڵە پرسیارێکن کە پێویستی بە خوێندنەوە و وردبینی هەیە و ئافرەتان لەو بارەوە خاوەن ڕای جیاوازن.

سازان عوسمان، ڕێکخەر و دامەزرێنەری گرووپی کچانی ژیر دەڵێت: هاوسەرگیری کلتورێکی کۆنە و بۆ بەردەوامبوونی ژیان و پرکردنەوەی الیەنە سۆزدارێکان و کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەاڵیەتی و کەسێتی تریش وەک پێویستییەکی ژیان ئەنجامدەدرێت. باشترین تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری بە پێی تۆڕێنەوەکان و شارەزایانی بواری سایکۆلۆجی و کۆمەڵناسی 25 ساڵییە، هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ گەشەی ئەقڵی مرۆڤ لەو تەمەنەدا کە باشتر و تەواوترە و جوانتر و تەندروستتر ئەتوانێت بڕیار لەسەر کەسەکان بدات و باشترین بۆ ژیانی هەڵبژێرێت. هەڵبەتە ڕێز و خۆشەویستی دوو بناغەی جدی ئەو پرۆسەیەن، ئەو کەسەی دیاری ئەکەی بۆ ژیانت پێویستە تا ڕادەیەک ئاشنایەتی و نزیکبوونەوە هەبێ و خۆشەویستی دروست بووبێت. من وەکو خۆم بوونی خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری بە مەرج ئەزانم و مرۆڤ ئەتوانێ بە هاوسەرگیری پەرە بەو خۆشەویستییە بدات و گەورەی بکات.



سازان عوسمان

دارا ئەنوەر زۆراب، توێژەری کۆمەاڵیەتی لەم بارەیەوە دەڵێت: کات گرنگە بۆ دەست پێکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری، دەکرێت لەو کاتەوە دەست پێبکات کە یاسا دیاری کردووە بە مەرجێک ئینسانەکان لە ڕووی پێکهاتەی بایەلۆجی و کۆمەاڵیەتی ئامادەبن بۆ پرۆسەکە و ئامادەیی بەرپرسیاریەتییان و توانایەکی ئابووری دیاریکراویان هەبێت کە بتوانن پشتی پێببەستن بۆ بەڕێوەبردنی ژیان، بە شێوازێک کە بتوانن کێشە و گرفتەکانی خۆیان چارەسەربکەن و خۆیان کاراکتەر بن لە بەشداریکردنی ژیانی یەکتر بۆ گەشەدان بە توانا و لێهاتوویی یەکتر و گەشەدان بە هێزە ڕوحی و جەستەییەکانی یەکتر لەسەر بنەمای جیاوازی یەکتر یەکتر قبوڵ بکەن، واتە هۆشیاری پەروەردەیی و کۆمەاڵیەتییان لە ئاستێکدا بێت کە هەستی بەرپرسیارێتیان تیادا دروست بکات. گرنگە خۆشەویستی هەبێت پێش هاوسەرگیری بێت، بەاڵم گرنگتر خۆشەویستییە پێش هاوسەرگیری، چونکە ئەگەر ئەم خۆشەویستییە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بڕیارێکی دروست بۆ بەردەوامبوون لە ژیانی هاوسەرگیریدا، بەاڵم ئەگەر ئەم خۆشەویستییە نەبێت ئەوا زۆر بە ئاسانی هاوسەرگیری تووشی کێشە و گرفت دەبێت و بە ئاسانی ئەکەوێتە بەر هەڕەشەی هەڵوەشانەوە.

سازان عوسمان

دارا ئەنوەر زۆراب، توێژەری کۆمەاڵیەتی لەم بارەیەوە دەڵێت: کات گرنگە بۆ دەست پێکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری، دەکرێت لەو کاتەوە دەست پێبکات کە یاسا دیاری کردووە بە مەرجێک ئینسانەکان لە ڕووی پێکهاتەی بایەلۆجی و کۆمەاڵیەتی ئامادەبن بۆ پرۆسەکە و ئامادەیی بەرپرسیارێتییان و توانایەکی ئابووری دیاریکراویان هەبێت کە بتوانن پشتی پێببەستن بۆ بەڕێوەبردنی ژیان، بە شێوازێک کە بتوانن کێشە و گرفتەکانی خۆیان چارەسەربکەن و خۆیان کاراکتەر بن لە بەشداریکردنی ژیانی یەکتر بۆ گەشەدان بە توانا و لێهاتوویی یەکتر و گەشەدان بە هێزە ڕوحی و جەستەییەکانی یەکتر لەسەر بنەمای جیاوازی یەکتر یەکتر قبوڵ بکەن، واتە هۆشیاری پەروەردەیی و کۆمەاڵیەتییان لە ئاستێکدا بێت کە هەستی بەرپرسیارێتیان تیادا دروست بکات. گرنگە خۆشەویستی هەبێت پێش هاوسەرگیری بێت، بەاڵم گرنگتر خۆشەویستییە پێش هاوسەرگیری، چونکە ئەگەر ئەم خۆشەویستییە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ دروستکردنی خێزانێکی تەندروست، کە بنەماکانی خۆشەویستی و ڕێزگرتن و یەکتر قبوڵکردن لەسەر بنەمای جیاوازی تیابێت.

پێگەرد ئازاد، دەڵێ: پێموایە هاوسەرگیری لە تەمەنێک بکرێت کە مرۆڤ ئامادەیی هەبێت بۆ ئەم پرۆسەیە لە ڕووی دەروونی و فکرییەوە، چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری پێویستی بە کەسێکی پێگەیشتوو هەیە لە ڕووی مێشک و دەروونەوە و پێویستە کەسێکی تەواو گونجاو دیاری بکات تاوەکو بتوانێت ژیانی لەگەڵ بگوزەرێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بەر لە هاوسەرگیری و دوای هاوسەرگیریش بوونی هەیە، بەاڵم هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جیاوازە لەوەی تر.



پێگەرد ئازاد



دارا ئەنوەر زۆراب

پێگەرد ئازاد

دارا ئەنوەر زۆراب

هاوسەرگیری لە 25 بەرەوە سەرەوە بێت ئینجا بیری لێبکرێتەوە لە بارەی خۆشەویستییەوە. خۆشەویستی بەر لە هاوسەرگیری و دوای هاوسەرگیریش بوونی هەیە، بەاڵم هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جیاوازە لەوەی تر.

هەیبووە، هەروەها توانیبێتی حەز و ئارەزووەکانی بدۆزێتەوە و بزانێت چی دەوێت و چی باشە. بۆ ئەو هەڵبەتە مرۆڤ لە تەمەنی 25 ساڵی بەرەو سەرەوە دەتوانێ بە تەواوی درک بەم شتانە بکات، بۆیە بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەی یارمەتیدەر دەبێت بۆ دروستکردنی خێزانێکی تەندروست، کە بنەماکانی خۆشەویستی و ڕێزگرتن و یەکتر قبوڵکردن لەسەر بنەمای جیاوازی تیابێت.

پێگەرد ئازاد، دەڵێ: پێموایە هاوسەرگیری لە تەمەنێک بکرێت کە مرۆڤ ئامادەیی هەبێت بۆ ئەم پرۆسەیە لە ڕووی دەروونی و فکرییەوە، چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری پێویستی بە کەسێکی پێگەیشتوو هەیە لە ڕووی مێشک و دەروونەوە و پێویستە کەسێکی تەواو گونجاو دیاری بکات تاوەکو بتوانێت ژیانی لەگەڵ بگوزەرێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بەر لە هاوسەرگیری و دوای هاوسەرگیریش بوونی هەیە، بەاڵم هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جیاوازە لەوەی تر.

خۆشەویستی بەر لە هاوسەرگیری کە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی سەرهەڵدەدات کە هەیە لە تەمەنی هەرزەکاری دایە یاخود تەمەنێکی پێگەیشتووە، ئەمجۆرە خۆشەویستییە هەندێجار دڵەڕاوکێ و نائارامی لە خۆی دەگرێت بۆ هەردوو ڕەگەز، لە هەمان کاتدا خۆشی و چێژێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەاڵم خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری لە نێوان هاوژینەکان بە گوێرەی تێپەڕبوونی کات و بەیەکەوە ژیان، هەروەها ڕادەی ڕازیبوون لەیەکتر و گونجان سەرهەڵدەدات و دەبێتە مایەی ئارامی هاوژینەکان. خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە کە دەبێتە سەر چەند توانایەک کە دەبێت لەو مرۆڤەدا ببینرێت و خودی خۆی توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی هەبێت لە چەند بواریکی گرنگی ژیان. هەرچوار الیەنی ئەقڵی و جەستەیی و ڕووحی و سۆزداری دەبێت ئامادەبێت بۆ ئەم پرۆسەیە و بە تەواوی باوەڕێ دەبێت خۆی ئامادەبکات بۆ دوو لەت بوون، کە چیتر ئەم کەسە تەنها خۆی نییە و نیوەی دەبێت بە خۆی و نیوەکەی تری دەبێت بە هاوژینەکەی. ئەم پێگەیشتنەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەرچاوی هەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا بە تایبەتی لە ڕادەربڕینی خۆی و دیارکردنی هاوسەری ژیان. کچانی ئەم دەڤەرە تەواو ئازادن، چونکە ئێمەی بارزانی خاوەنی یاسا و دابونەریتێکی خۆین کە لە سەردەمی شێخ ئەحمەد بارزانی بۆمان دانراوە و ئێمەش تاکو ئێستا درێژەپێدەری ئەم یاسا مرۆڤایەتیانەین وجێبەجێی دەکەین ئەویش لە بەرامبەر ژن بە ژن، نەخت، گەورە بە گچکە، سوڵح پێکردن و چەندان مامەڵەی تر.

لەکۆتاییدا حەیات، کارگێڕی ناوەندی بااڵی بارزان ڕونیدەکاتەوە کە: ئەگەر لە ڕوانگەی ئیسالمەوە تەماشای ئافرەت بکەین بە پیرۆزی باسیکراوە و هەموو مافەکانی ڕەچاوکراوە. یاساکانی دەڤەری بارزانیش لەم ڕوانگەیەوە مافەکانی ئافرەتی بەرجەستەکردووە و هەر لە سەر دەمی شێخ ئەحمد بارزانییەوە تاکو ئێستاش بە بەردەوامی دانیشتوانی ناوچەی بارزان وەک مرید و درێژەپێدەری ڕێباز و یاسا و نەریتەکانی بارزان جێبەجێکارن، بەتایبەتی لەڕووی ئازادی ئافرەتەوە کە هەمیشە ئێمەی ئافرەتی دەڤەری بارزان ئازاد بووینە لە ڕادەربڕین و کارکردن شانبەشانی پیاوانمان بە تایبەتی ئازادین لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان ،چونکە لە دەڤەرەکەمان هیچ مامەڵەکردن بە ئافرەت نییە.

جیاوازە و ڕەنگە بۆ کەسێک 25 ساڵ گونجاو بێت و بۆ کەسێکی تر سەرووی 30 ساڵی ئینجا بتوانیت ئامادەیی تێدا بێت، بەاڵم من وەک ڕای خۆم بە هەر شێوەیەک بێ لەگەڵ هاوسەرگیری خوار 20 ساڵی نیم بە هیچ شێوەیەک. بە بڕوای خۆم خۆشەویستی دەبێت لە هەموو کاتێکدا بوونی هەبێت، بەاڵم کاتێک باسی هاوسەرگیری دێت بابەتی خۆشەویستی دەبێت بخرێتە ناو جانتایەک و هەڵبگیرێت تاکو بتوانیت بڕیاری دروست و هەڵبژاردنی شیاو بدەیت بۆ ژیانت، واتا خۆشەویستی پێش هاوسەرگیریش دەبێت هەبێت بەاڵم بە هیچ شێوەیەک کاریگەری نەکات لە بڕیار و هەڵبژاردنی کەسەکە. سەبارەت بە دوای هاوسەرگیریش، وای بۆدەچم جوانترین و ڕاستترین هەڵسەنگاندنێک کە بتوانیت بیکەیت، و وردبیتەوە لە کەمبوون و زیادبوونی ئەو خۆشەویستییەی پێش هاوسەرگیری کە بۆ هاوژینەکەت هەبووە، ئایا زیادیکرد یان کەمیکرد؟

دەڤەری بارزان نموونەیەک لە ئازادی و بەردەستەبوونی مافەکانی ئافرەت



ڕاپۆرت/ مسلم دزلەمەری

دەڤەری بارزان جگە لەوەی کە هەمیشە لانکی شۆڕشەکانی کورد بووە بۆ ئازادی و وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد، هە ڕلەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە یاسا و کلتوری تایبەت بە خۆی هەبووە کە لە کۆن و ئێستا دانیشتوانی ناوچەکە بەوپەڕی ڕێزەوە پەیڕەویدەکەین. نموونە ئازادی ئافرەت لە ڕادەربڕین و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان بە بێ دوودڵی بوونیان لە هەر تونەوتێژی و بڕیاردانی باوک سااڵری لەسەر دیارکردنی هاوسەری ژیانیان.

لەو بارەیەوە ژمارەیەک ئافرەتی ئەم دەڤەرە بەم شێوەیە بۆخەبات دووان.

سەرەتا باران عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی ئافرەتانی میترگەسور گوتی: ڕۆڵی ئافرەتانی دەڤەری بارزان هێچی کەمتر نەبووە لە پیاوان، چونکە هەمیشە شان بەشانی پیاوانی دەڤەرەکەمان بەشداری شۆڕشیان کردووە و پشتگیری پتەوەی بڕا پێشمەرگەکانیان بوونە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ئەگەر لە ڕێگەی چەک هەڵگرتنیش نەبووبێت، بەاڵم هەمیشە وەک خزمەتکاری پێشمەرگە و چاودێریکردنی منداڵانیان دریغیان نەکردووە، هەر بۆیەش هەر لە سەرەتاوە مافی ئافرەتانی ئەم دەڤەرە پارێزراوە بەتایبەتی لە سەردەمی شێخ ئەحمد بارزانی ئازادی و مافی تەواو بە ئافرەت دراوە و بە هەموو شێوەیەک تونەوتێژی بەرامبەر بە ئافرەت قەدەغەکراوە و ئەوەی کە زۆر گرنگە لە ژیانی ئافرەت و تاکە هیوای گشت الوێکە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانە ئەمەش یەکێکە لە ئازادی و بڕیاردانی خودی ئافرەتی دەڤەری بارزان کە دەتوانم بڵێم دەڤەرەکەمان تاکە ناوچەیەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و بگرە زۆربەی وڵات و ناوچەکانی دەوروبەریشمان کە لاوانمان بە تایبەتی ئافرەتانمان خۆیان بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان بدەن بێئەوەی کە مەترسی بە زۆر بەشودان یان فرۆشتن یان گەورە بە بچوک و ... هتد لە ژیان ماوین.



باران عەلی

مامۆستا سیپەڵ محەمەد، ڕایوایە: ئافرەتانی بارزان هەمیشە شانبەشانی پیاوانمان خەباتیان کردووە بۆ ئازادی و گەل و خاکیان هەمیشە بەرخودانیان کردووە، کۆڵیان نەداوە لە سەختیەکانی ژیان، نموونە چوونی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بۆ ڕێرەوە لەسەریان هەبێت ئەویش لە سایەی ئەو یاسا و نەریتانەیە کە بە شانازییەوە لە باب و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و ئێمەش پەیڕەویدەکەین و هەمیشە دێژەپێدەری یاسا ونەریتی بارزانییەت دەبین تا ئێمەش دێژەپێدەری ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و یاسا و نەریتەکانی دەڤەرەکەمان دەبین بۆ ئەوەی ببین بە نمونە و وانەیەک بۆ ئەو کەسانە و ئەو ناوچانەی کە ڕێز لە ئافرەت ناگرن و مافیان پێشێلدەکەن.

سیپەڵ محەمەد

نارین سادق، کارگێڕی ناوەندی بااڵی بارزان لەو بارەوە دەڵێت: سەرەتا من وەکو ئافرەتێکی دەڤەری بارزان زۆر سوپاسی خێزانی خۆم دەکەم کە هاوکاری منن و هەروەها ئازادییەکی ڕەهایان پێبەخشیوم لە کارەکانی ڕۆژانەم. سەبارەت بە ئازادی ژیانم ماوین.



نارین سادق

مامۆستا خێریە مستەفا، گوتی: هەرچەندە میژووی ئەو کەسانەی کە بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا هەوڵیانداوە زۆر کۆنە ، هەرچەند بەداخەوە چ لە ڕێگەی کۆمەڵگاکانەوە یان ڕێکخراوەکان بە باشی پێشوازی لێنەکراوە، بەاڵم لەم نێوەندەدا ئافرەتی کوردیش بێبەشنەبووە لە پێشێلکردنی مافەکانی و سەپاندنی باوک سااڵری بەسەریاندا. خۆشبەختانە لە دەڤەری بارزان لەسایەی هەبوونی پێشەنگی کوردپەروەری و نیشتمانپەروەری و ڕۆشنبیری و ئاشتیخوازی و ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و بگرە ژینگەش بە گشتی و زۆر شتی تر ئافرەتی ئەم دەڤەرە بەرچاوی هەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا بە تایبەتی لە ڕادەربڕینی خۆی و دیارکردنی هاوسەری ژیان. کچانی ئەم دەڤەرە تەواو ئازادن، چونکە ئێمەی بارزانی خاوەنی یاسا و دابونەریتێکی خۆین کە لە سەردەمی شێخ ئەحمەد بارزانی بۆمان دانراوە و ئێمەش تاکو ئێستا درێژەپێدەری ئەم یاسا مرۆڤایەتیانەین وجێبەجێی دەکەین ئەویش لە بەرامبەر ژن بە ژن، نەخت، گەورە بە گچکە، سوڵح پێکردن و چەندان مامەڵەی تر.



حەیات

لەکۆتاییدا حەیات، کارگێڕی ناوەندی بااڵی بارزان ڕونیدەکاتەوە کە: ئەگەر لە ڕوانگەی ئیسالمەوە تەماشای ئافرەت بکەین بە پیرۆزی باسیکراوە و هەموو مافەکانی ڕەچاوکراوە. یاساکانی دەڤەری بارزانیش لەم ڕوانگەیەوە مافەکانی ئافرەتی بەرجەستەکردووە و هەر لە سەر دەمی شێخ ئەحمد بارزانییەوە تاکو ئێستاش بە بەردەوامی دانیشتوانی ناوچەی بارزان وەک مرید و درێژەپێدەری ڕێباز و یاسا و نەریتەکانی بارزان جێبەجێکارن، بەتایبەتی لەڕووی ئازادی ئافرەتەوە کە هەمیشە ئێمەی ئافرەتی دەڤەری بارزان ئازاد بووینە لە ڕادەربڕین و کارکردن شانبەشانی پیاوانمان بە تایبەتی ئازادین لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان ،چونکە لە دەڤەرەکەمان هیچ مامەڵەکردن بە ئافرەت نییە.

خێریە مستەفا

حەیات

خێریە مستەفا

ئافرەت لەم دەڤەرە بێگومان پێموایە تاکە ناوچەی کوردستانە کە ئافرەت تەواوی ئازادی و ڕادەربڕینی خۆی هەیە و تونەوتێژی ب هیچ شێوەیەک بەرامبەر تاهێنەکردن و ڕۆڵێکی بەدەستهێناوە ئەویش بە هۆی بوونی ئەو یاسا و مافانەی کە بۆ ئافرەتی ئەم دەڤەرە دانراوە لە سەر دەستی پێشەوامان شێخ ئەحمد بارزانی کە گرنگترینیان ئازادی و بڕیاردانی خودی خۆی کچەکانمانە لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان و دووربوون لە هەموو ئەو مامەاڵنەی کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێت وەکو ژن بە ژن، نەخت، گەورە بە گچکە، سوڵح پێکردن و چەندان مامەڵەی تر.

دۆخی سیاسی عێراق بۆ بەم ئاراستەیە رۆیشت؟



سەکڤان هالو



دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای بیستەکانەوە بە رەزامەندی دەرەکیدا و بە ئامانجی مانەوەی خۆیان لە دەستەڵاتدا. بەریتانییەکان بۆ ماوەی 83ساڵ کەمینەیێکی سوننەیان سەپاند بە سەر ئەم وڵاتەدا، دیکتاتور دوای دیکتاتور حوکمڕانی عێراق بووە، ڕژێمە دیکتاتۆرەکانیش بێجگە لە خوێن ڕشتن و کاولکاری و هینانی نەهامەتی بۆ گەلەکانیان هیچی تریان نێ بەرهەم نەهات و هەروەها دوای ساڵی 2003ش لایەنە سیاسییەکانی شیعە، واتە دوای ڕووخانی دەستەڵاتی 83ساڵەی کەمینەی سوننە، جڵەوی دەستەلات کەوتە دەست زۆرینەی شیعە کە بە داخەوە ئەمانەش هەمان سیاسەتی پێش خۆیان پەیڕەو کرد لە جیاتی ئەوەی پەند لە سیاسەتی هەڵەی ڕابردوو وەربگرن، ڕێچکەی تولەسەندنەوەیان گرتەبەر و پێکهاتەکانی عێراقیان بە ئامانج گرت و سوننەش پەراوێز خرا، کەواتە کێشەی ئەمڕوی عێراق کێشەیێکە سەد ساڵە بەردەوامە و خەڵکی ئەم وڵاتە کێشە سەرەکییەکەی بریتییە لە گۆڕینی دەوڵەت و ئەم شێوازە دەوڵەتەی ئێستا بە گشتی ڕەت دەکەنەوە، نەک تاکە کەسێک یان لایەنێکی سیاسی کە نزیکەی سەدەیێکە بەردەوامە. ئەمڕۆ گەلانی عێراق کە داوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت دەکەن، باش لەوە تێگەیشتوون کە دوای ئەم هەموو ساڵە ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکان نەک هەر نەیانتوانیوە بچووکترین خزمەت بە عێراقییەکان بکەن بەڵکو لە هەموو ڕوویەکەوە عێراقیان بەرەو وێرانی و کاوڵکاری ئاراستە کردووە بۆ بەرژەوەندیی دەرەکی بە دەستەلاتی سوننە و شیعەوە، دەرەنجامی دیکتاتۆریەت و شمولییەتیش هەر ئەمە دەبێت کە ئەمڕو بە چاوی خۆمان دەبینین و ڕەوشەکە گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر بەرزی بێزاریی خەڵک کە ئامادەیە لە سەر شەقامەکان گیان ببەخشێت بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتێکی دەستکردی وەک دەوڵەتی عێراق. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش وەکو بەشێک لەم وڵاتە خۆشبەختانە ئەمنییەت و ئارامی واتە سەقامگیڕی سیاسی و ئاشتی کومەڵایەتی تێدا بەرقەرارە کە بە هیچ شێوەیێک نابێ بەراورد بکرێت لە گەڵ بەغدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی حەکیمانەی بارزانی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی و هەوڵ و ماندووبوونی دەزگا ئەمنییەکان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان هیچ کات نابێ بە نادیدە بگیرێت و هەمیشە دەبێ شانازی پێوە بکەین. لێرەوە دەگەینە ئەم ئەنجامە کە عێراق لە قەیرانێکی زۆر قوڵدایە و سەرچاوەی خودی قەیرانەکە بوونی دەوڵەتێکی فاشیلی شکەستخواردوو کە خاوەن ئیرادەی سیاسی سەربەخۆ نەبووە و بە خواستی گەلانی عێراقیش دانەمەزراوە بەڵکو دروستکراوی دەرەکییە و هەر بۆیەش ئەم عێراقە دەوڵەمەندە بە سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی لە هیچ قۆناغێکدا نە کەوتۆتە خزمەت گەلانی عێراق و عێراقیان لە هەموو ڕوێکەوە وێران کرد. لە کۆتاییدا ئەم وتەیەشم بە بیر هاتەوە کە دەڵێ: (چ دەچێنی ئەویش دەدوریبەوە).

هەڵسوکەوت کردووە لە پێناو بەرژەوەندیی دەرەکیدا و بە ئامانجی مانەوەی خۆیان لە دەستەڵاتدا. بەریتانییەکان بۆ ماوەی 83ساڵ کەمینەیێکی سوننەیان سەپاند بە سەر ئەم وڵاتەدا، دیکتاتور دوای دیکتاتور حوکمڕانی عێراق بووە، ڕژێمە دیکتاتۆرەکانیش بێجگە لە خوێن ڕشتن و کاولکاری و هینانی نەهامەتی بۆ گەلەکانیان هیچی تریان نێ بەرهەم نەهات و هەروەها دوای ساڵی 2003ش لایەنە سیاسییەکانی شیعە، واتە دوای ڕووخانی دەستەڵاتی 83ساڵەی کەمینەی سوننە، جڵەوی دەستەلات کەوتە دەست زۆرینەی شیعە کە بە داخەوە ئەمانەش هەمان سیاسەتی پێش خۆیان پەیڕەو کرد لە جیاتی ئەوەی پەند لە سیاسەتی هەڵەی ڕابردوو وەربگرن، ڕێچکەی تولەسەندنەوەیان گرتەبەر و پێکهاتەکانی عێراقیان بە ئامانج گرت و سوننەش پەراوێز خرا، کەواتە کێشەی ئەمڕوی عێراق کێشەیێکە سەد ساڵە بەردەوامە و خەڵکی ئەم وڵاتە کێشە سەرەکییەکەی بریتییە لە گۆڕینی دەوڵەت و ئەم شێوازە دەوڵەتەی ئێستا بە گشتی ڕەت دەکەنەوە، نەک تاکە کەسێک یان لایەنێکی سیاسی کە نزیکەی سەدەیێکە بەردەوامە. ئەمڕۆ گەلانی عێراق کە داوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت دەکەن، باش لەوە تێگەیشتوون کە دوای ئەم هەموو ساڵە ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکان نەک هەر نەیانتوانیوە بچووکترین خزمەت بە عێراقییەکان بکەن بەڵکو لە هەموو ڕوویەکەوە عێراقیان بەرەو وێرانی و کاوڵکاری ئاراستە کردووە بۆ بەرژەوەندیی دەرەکی بە دەستەلاتی سوننە و شیعەوە، دەرەنجامی دیکتاتۆریەت و شمولییەتیش هەر ئەمە دەبێت کە ئەمڕو بە چاوی خۆمان دەبینین و ڕەوشەکە گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر بەرزی بێزاریی خەڵک کە ئامادەیە لە سەر شەقامەکان گیان ببەخشێت بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتێکی دەستکردی وەک دەوڵەتی عێراق. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش وەکو بەشێک لەم وڵاتە خۆشبەختانە ئەمنییەت و ئارامی واتە سەقامگیڕی سیاسی و ئاشتی کومەڵایەتی تێدا بەرقەرارە کە بە هیچ شێوەیێک نابێ بەراورد بکرێت لە گەڵ بەغدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی حەکیمانەی بارزانی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی و هەوڵ و ماندووبوونی دەزگا ئەمنییەکان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان هیچ کات نابێ بە نادیدە بگیرێت و هەمیشە دەبێ شانازی پێوە بکەین. لێرەوە دەگەینە ئەم ئەنجامە کە عێراق لە قەیرانێکی زۆر قوڵدایە و سەرچاوەی خودی قەیرانەکە بوونی دەوڵەتێکی فاشیلی شکەستخواردوو کە خاوەن ئیرادەی سیاسی سەربەخۆ نەبووە و بە خواستی گەلانی عێراقیش دانەمەزراوە بەڵکو دروستکراوی دەرەکییە و هەر بۆیەش ئەم عێراقە دەوڵەمەندە بە سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی لە هیچ قۆناغێکدا نە کەوتۆتە خزمەت گەلانی عێراق و عێراقیان لە هەموو ڕوێکەوە وێران کرد. لە کۆتاییدا ئەم وتەیەشم بە بیر هاتەوە کە دەڵێ: (چ دەچێنی ئەویش دەدوریبەوە).



ئاسۆ جەمیل شێخ وەسانی

من دەزانم کوێی دێشێت

دوای تێپەڕبوونی 100 ڕۆژ بەسەر لە دایک بوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی (مسرور بارزانی) لە 7ی کانوونی یەکەمی 2019 سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کارو چالاکی کابینە وزاریيەکەی خستەڕوو کە لە ماوەکەی 100 ڕۆژ بوو .

یەکێک لەم خاڵانەی مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێدا "وەرگرتنەوەی قەرزی خاوەن کۆمپانیا و پڕۆژەکان بوو" لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەبێ خاوەن قەرزەکان کە پارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان لایە بیگەڕێننەوە، یانیش بە ئەندازەی قەرزەکە حکوومەت دەست بەسەر پڕۆژەکاندا دەگرێت .

هەر دوای ڕاگەیەندراوە ڕۆژنامەوانییەکەی جەنابی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کەسێکی قەرزدار؟! (ئەنار شیزمانە) وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی لە ڕێگای کەنالێک و لە ڕێگای وتارێکی ڤیدیۆیی پڕ لە پەلەپڕوزەیی خۆی کۆمەڵێک دەستەواژەی ئیفلیجی خۆی بەکارهێنا کە ئەنەما ئێمە یەکەم پارتی ئۆپۆزسیۆن بووین وەلامی سەرۆک وەزیرانمان دایەوە، من دەزانم چی بازرگانە قەرزارەکەی وا مشەوش کردووە و دەشزانم بازرگانە قەرزارەکە کوێی دێشێت ئەم ڕاگەیەندراوەی بۆچی بوو؟!.

وەک دەزانین کەسێک خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانە هەروەها خاوەنی کەنالێشە و دەشزانین ئەم کەسە بۆ دروستکردنی پڕۆژەی نیشتەجێ بوون و گەشتیاری چەند قەرزی لە حکوومەت وەرگرتووە، کۆی ئەم قەرزەی بازرگانەکە کردوویەتی لە حکوومەت بە نزیکەی 48 ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت واتا ئەم کەسە و بازرگانە دەبێت ئەم بڕە پارەیەی لایەتی بیداتەوە بە حکوومەت، یانیش حکوومەت دەست کراوە دەبێت بە پێی سەنگی ئەم بڕە پارەیە دەست بەسەر پڕۆژە گەشیاری و نیشتەجێبوونەکانی ئەم بازرگانەدا بگرێت، بەمەش ئەم بازرگانە زیانێکی زۆری بەر دەکەوێت، ڕەنگە ئەم خۆ هەڵکێشانەی نەمێنێت کە دەیکات.

پێویستە ئەمجارە کورد چاوێکی لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت



بڕوا ڕەمەزان ساڵەیی



پاش ئازادکردنی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003، بەدەیان گرووپی تووندڕەو و تیرۆریست لەم وڵاتەدا سەریهەڵدا و دروستبوو، هەندێک لەوانە: (جندالاسلام، انصارالاسلام، انصارالسنە، توحید و جیهاد) لە ئەیلولی (2003)، چەندین کەتیبەی تیرۆریستی بەناو خەلیفە و سەحابییەکان، جەیشی ئیسلامی، جەیشی موجاهیدین، قاعیدە، مەجلیسی شورای ئیسلامی، عەودە، نەقشبەندی، دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی لە (2006)، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە نیسانی (2013)، پاش داگیرکردنی موسڵ و زۆربەی ناوچەکانی عێراق، زۆری ئەو گرووپانە هەڵوەشانەوە و هەندێکیشیان مانەوە و لە 29ی حوزەیران(2014) ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامیان گۆڕی و کردیان بە دەوڵەتی ئیسلامی و داعشیان دروستکرد.

لێرەدا مەبەستم نییە باسی چۆنییەتی دروستبوونی داعش بکەم لەبەر ئەوەی لە لاپەرە 13ی ژمارەی 4667 ئەم ڕۆژنامە سەرکەوتووەکەی خەبات لە 2014/10/23 باسی چۆنیەتی دروستبوونی (داعش)م کردووە. ئەوەی جێگای وەبیر هێنانەوەیە دەبێت ئەوە بزانین کە داعش لە خۆیەوە دروست نەبووە، جگە لە هاوکاری چەندین هۆزە عەرەب و پاشماوەی کۆنە بەعسییەکان، هەروەها هەندێک وڵاتیش پاڵپشتییان کردووە و کارئاسانییان بۆیان کردووە، لەبەر ئەوەی داعش بووە خێر و بەرەکەت بۆ بووژانەوەی ئابووری وڵاتە زلهێزەکان و فرۆشتنی چەک بە عێراق و هاتنی هێزێکی زۆری بیانی بۆ ناوچەکە و سوودوەرگرتن لەو بارودۆخەی کە عێراقی تێکەوتووە، گومانی تێدانیە دروستبوونی ئەو گرووپە تیرۆریستیانە و داعش تەنیا بۆ زیان گەیاندن بە نەتەوەی کورد بووە، لەبەر ئەوەی چاویان بەو ئازادییەی گەلی کورد هەڵنەدەهات و مەبەستیان تێکدانی ئەو ئارامییەی کوردستان بووە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لای گرووپە تووندڕەو و بەعسییەکان، کورد بە ئیسرائیلی دووەم لە قەڵەم دراوە، هەروەک چۆن بینیمان چییان لە گەلی کورد کرد، بەتایبەت لە سەردەمی هەشتایەکان هەر بە ئەنفال و کیمیاباران و کاولکاری و کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی (4000) چوار هەزار گوند و تەرحیکردن، کاتێ داعش لە 2014/6/10 شاری موسڵ و زۆربەی خاکی عێراق و سوریای داگیرکرد، هیچ هێزێک نەبوو خۆی لە داعش بدات جگە لە پێشمەرگە لە کوردستان و عێراق و یەپەگەش لە سوریا کە هەردوو هێزەکە کورد بوون، تەنانەت پێشمەرگە بەشداری ئازادکردنی شاری کۆبانێ لە کوردستانی ڕۆژاوای سوریاشی کرد، ئەگەر ئەوکات هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بەپەلە نەگەیشتایە بە کەرکوک دڵنیابە وەک شارەکانی دیکەش دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی داعش و جگە لە کورد نەتەوەکانی تورکمان و عەرەبیش ڕووبەڕووی کوشتار و دەربەدەری دەبوونەوە، تاکو ئێستاش زۆربەی وڵاتانی جیهان و دراوسێکانیش خۆیان دوور دەگرن لە شەڕی دژی داعش، بۆ ماوەی چەند ساڵێک تەنیا کورد ڕووبەڕووی داعش بووە و بە جدی شەڕی دژی کرد، کە کورد بە هەزارانی لە تیرۆریستانی داعش کوشت و بەدیل گرت، هێزی عێراقی و سوریش هەبووە دژی داعش شەڕ بکەن، بەڵام تەنیا بۆ بەرگری لە خۆیان بووە نەک هێرشی سەر داعش بکەن و گورزی گەورە لە داعش بوەشێنن، پاش شەهیدبوونی 1864پێشمەرگە و زیاتر لە 10000بریندار و بێ سەرو شوێن بوونی 62پێشمەرگە، ئنجا سەرۆکی ئەمریکا ترامپ دەڵێ چەکمان داوە بەکورد و تا هەتاهەتایە پارێزگاری لە کورد ناکەین، بەڵام ترامپ لەبیری چوو ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە داعش لەناونەدەچوو، هەروەها داعش هێرشەکانیشی فراوان دەکرد و بەرەو ئەروپا دەڕۆیشت و زیانی دەبوو بۆ ڕۆژاواش، سەرۆک بارزانیش وەلامی دایەوە کە خۆینی کورد لە چەک بە بەهاترە، بەهەر حاڵ ئەوەی ڕۆی ڕۆی، بەڵام خۆ داعش هێشتا تەواو نەبووە و لەم ماوەیەشدا زنجیرەیەک کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامداوە وەک پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی و حەشدی شەعبی و کێڵگە نەوتییەکان ناتۆ و هاوپەیمانان وەک پێویست نەبوون بەرامبەر بەکورد و دواجاریش ڕێفراندۆمان کرد وتیان باشە و فێڵیان لێمان کرد، دواتریش ڕێگەیان دا لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی هێرش بکەنە سەر پێشمەرگە و فرۆکەخانەکان دابخەن و ئێران و تورکیاش سنووریان لەسەر ئێمە داخست، هەروەها لە 2019/10/8ش ڕێگەیاندا کە سوپای تورکیا بە هاوکاری هێزی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە لە تورکیابوون هێرش بکەنە سەر کوردستانی ڕۆژاوا و کۆژران و بریندارببوون و ئاوارەبوونی سەدان هەزار هاوڵاتی کوردی لێبکەوێتەوە، بۆیە پێویستە کورد ئەمجارە کە شە دژی تیرۆر دەکات لە لایەکی دیکەشەوە چاوێکی لە بەرژەوەندییەستراتیجییەکانی خۆشی بێت. دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە لە شەڕی دژی داعش حکوومەتی عێراقیش یەک فیشەکی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە نەدەنارد و تەنانەت نەیدەهێشت هاوپەیمانانش یەک پارچە چەک بە پێشمەرگەش بدات، هاوپەیمانان و ڕۆژاوا(غرب) دەڵێن ئێوە دەوڵەت نین، ئەی باشە بۆ لە جیاتی جیهان شەڕی دژی داعشمان پێ دەکەن؟، ئەوان دەڵێن ئێوە سەربە عێراقن، ئەی باشە عێراق بۆ هاوکاری کورد ناکات لە شەڕی دژی داعش؟، دەڵێن داعش مەترسییە بۆ سەر جیهان!، ئەی باشە بۆ دەبێت کورد لە جیاتی ئەوان باجەکە بدات و شەڕی دژی داعش بکات و ماڵ و حاڵی لێ تێکبچێت و بە هەزاران شەهید و بریندار بدات و بەدەیان هەزاریشی لێ بڕفێنن و شارەکانیان لێ بسوتێنن و بتەقێننەوە؟ دوای تەواوبوونی شەڕەکەش لە جیاتی پاداشتی کورد بکەنەوە، سوپای عێراق و سوپای تورکیای تێبەر بدەن و سنوورەکانیان لەسەر دابخەن؟!. هەی ئافەرین کە بە م شێوەیە سوپاس و پێزانینی چاکە و قوربانییەکانمان دەکرێت.

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی کشتوکال زانکۆی سەلاحەدین بەشی پاراستنی رووەک بەناوی هیوا عبداللە رسول وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ١٦٧٢٠٨ بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٧ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی محمد مصطفی عزیز وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە هیبە جۆری ئۆتۆمبێل شفل تایر ڤالڤۆ رەنگ زەرد مۆدێل ٢٠٠٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٠٢٨٧ کاتی دھوک ژمارەی شاصی: L٧٠DV١٩٥١٩ لەگەڵ هەردوو تابلۆی پاش و پێش وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دائرة کاتب عدل زاخو

العدد: ٤٠٩

التاريخ: ٢٠١٩/١٢/١٧

اعلان

الى المنذر اليه/١/ حاجي ادريس

رمضان ٢/ هژار ادريس رمضان

بناءا علی الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة ٦١١/انذار/٢٠١٩ المؤرخ فی ٢٠١٩/١٢/٢ و المتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاری فی زاخو صباح يوم ٢٠١٩/١٢/٢٤ و لحين انتهاء الدوام الرسمی لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٣٢٤/٤ مقاطعة ١١ اشكفت مارا و المشتراة من قبل المنذر (دلوفان ادريس رمضان) و لمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء بأشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة سيالكا / ٤٢٨١ المؤرخ فی ٢٠١٩/١٢/١٠ تقرر نشر تبليغكم فی صحيفتين يوميتين.

كاتب عدل زاخو/ سوسن غازی عبدالامير

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:٥٨٩٦/ش١/٢٠١٩

رێکەوت:٢٠١٩/١٢/١١

جاردان

بۆ داوالێکراو (عائیشە دمر احمد) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئامـاژە بـە داوای ژمـارە (٥٨٩٦/ش١/٢٠١٩) کـە تایبەتـە بـە داواکار (لقـمان هاشم خلیـل) وە داوالێکـراو (عائیشـە دمـر احمـد) کـە جـۆری داوا بریتیـە لـە (پەسندکردنی طـلاق) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری هەولێر/گەرەکـی سـەیداوە دادگا بڕیـاری دا لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە رۆژی ٢٠١٩/١٢/٣٠ کـە خۆت ئامادەبێـت یـان بریکارێـك یاسـایی لەجیاتـی خـۆت ئامادەبێـت بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەرهەقـت بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

تێبینەرایەتـی تۆمارگـەی خانووبـەرەی دەشـتی هەولێـر

بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارێەتی خانووبەرە

پشـت بـە کۆنووسـی چەسـپاندنی خاوەندارێەتـی تایبـەت بـە خانووبـەرەی زنجیـرە ١/٤٨٢ لـە گەرەکـی ٨٦ بنصـلاوە لەرێکەوتـی: ٢٠١٩/١٢/١٢ وە دەرنجامـی ئـەو لێکۆڵینـەوەی لێـی کـراوە بەپێـی دەسـەلاتەی مـادەە (٤٨)ی یاسـای تۆمارکردنـی خانووبـەرە ژمـارە (٤٣)ی سـاڵی١٩٧١ی هەمواركـراو بێـی داوم بریـارم دا خاوەندارێەتـی تـەواوی خانووبـەرەی دیـاری کـراو بەنـاوی باباشـێخ حمـد اسـماعیل بچەسـپێ و ئـەم بڕیـارەش بەپێـی مـادەە (٤٩)ی یاسـای ناوبـراو بـۆ مـاوەی (٣٠) سـی رۆژبڵاوبکرێتـەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێەتی

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

تێبینەرایەتـی تۆمارگـەی خانووبـەرەی دەشـتی هەولێـر

بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارێەتی خانووبەرە

پشـت بـە کۆنووسـی چەسـپاندنی خاوەندارێەتـی تایبـەت بـە خانووبـەرەی زنجیـرە ١/٣٠٥٦ لـە گەرەکـی ٨٦ بنصـلاوە لەرێکەوتـی: ٢٠١٩/١٢/١٢ وە دەرنجامـی ئـەو لێکۆڵینـەوەی لێـی کـراوە بەپێـی دەسـەلاتەی مـادەە (٤٨)ی یاسـای تۆمارکردنـی خانووبـەرە ژمـارە (٤٣)ی سـاڵی١٩٧١ی هەمواركـراو بێـی داوم بریـارم دا خاوەندارێەتـی تـەواوی خانووبـەرەی دیـاری کـراو بەنـاوی ئیسـماعیل بچەسـپێ و ئـەم بڕیـارەش بەپێـی مـادەە (٤٩)ی یاسـای ناوبـراو بـۆ مـاوەی (٣٠) سـی رۆژبڵاوبکرێتـەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێەتی

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

تێبینەرایەتـی تۆمارگـەی خانووبـەرەی دەشـتی هەولێـر

بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارێەتی خانووبەرە

پشـت بـە کۆنووسـی چەسـپاندنی خاوەندارێەتـی تایبـەت بـە خانووبـەرەی زنجیـرە ١/٣٠٥٨ لـە گەرەکـی ٨٦ بنصـلاوە لەرێکەوتـی: ٢٠١٩/١٢/١٢ وە دەرنجامـی ئـەو لێکۆڵینـەوەی لێـی کـراوە بەپێـی دەسـەلاتەی مـادەە (٤٨)ی یاسـای تۆمارکردنـی خانووبـەرە ژمـارە (٤٣)ی سـاڵی١٩٧١ی هەمواركـراو بێـی داوم بریـارم دا خاوەندارێەتـی تـەواوی خانووبـەرەی دیـاری کـراو بەنـاوی میراتگرانـی/ یونـس تۆفیـق عثمـان بچەسـپێ و ئـەم بڕیـارەش بەپێـی مـادەە (٤٩) ی یاسـای ناوبـراو بـۆ مـاوەی (٣٠) سـی رۆژبڵاوبکرێتـەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێەتی

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

ئاگاداری

ئـاگاداری سـەرجەم لایەنـی حکومـی و ناحکومـی و کەسـانی ئاسـایی دەکەیـن کـە کۆمپانیـای (الابـداع التعلیمـی بـۆ بازرگانـی گشـتی و فێـرکاری و تۆزێنـەوە و ڕاهێنـان/ سنوردار) بڕیـاری پاکتاوکردنـی خـۆی داوە جـا هـەر کەسـێك هـەر مافێکـی لای کۆمپانیـا هەیـە لـە مـاوەی (١٠) ڕۆژدا سـەردانی کۆمپانیـا یاخـود پاکتـاوکار بـکات بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـە پێچەوانـەوە پـاش ئـەوە مافـی داواکردنـی نامێنـێ .

پاکتاوکار/ دلاوەر حیدر عبدالمحمد

ژوری پارێزەرانی هەڵەبجە

٠٧٥٠١٤٣٤٦٩٩

***

پارێزگای هەڵـــەبجە

کۆدی پرۆژە (Ta٢-٢٠١٩)

کەمکردنەوەی نهێنی /بانگهێشتی (کراوە)

ژمارە:٢

بەروار:٢٠١٩/١٢/١٦

بـۆ پـرۆژەی: (١-دابیـن کردنـی کرێـکار بـۆ پاککردنـەوەی نەخۆشـخانەومەڵەندو دامـەزراوە تەندروسـتیەکانی سـنوری پارێـزگای هەڵەبجـە ٢-دابیـن کردنـی مـەوادو پێداویسـتی پاککردنـەوە)

پارێـزگای هەڵەبجهانگهیشـتی کـراوە بـۆ سـەرجەم کۆمپانیـا و بەڵێنـدەران دەکات کـە ئـارەزووی بەشـداری کردنیـان هەیـە بـۆ ئـەم کەمکردنـەوە نهێنییە.جـــا هەربەڵێندەرێـك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە لـــەم کەمکردنەوەیـە بـا سـەردانی بینـای پارێزگـــای هەڵـــەبجە (کاروبـاری هونـەری/ب. پرۆژەکان/فۆشـتنی تەنـدەر) بـکات بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی تەندەربەرامبـەر (٢٠٠,٠٠٠) دووسـەدهەزار دینـاری عیراقـی کـە ناگەڕێتـەوە بـۆ بەڵێنـدەر ،کرێـی بڵاوکردنـەوەی ئـاگاداری ئـەم بانگـەوازە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو بەڵێنـدەرەی کـە تەندەرەکـەی بـۆ دەدەچێـت.

زانیـاری:

١- وەرگرتنـی تەنـدەر لـە رۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٢) دەسـت پـێ دەکات لـە کاتژمێـر (٩)ی سـەرلە بەیانـی تـا کاتژمێـر (١٢)ی نیـوەرۆ.

٢- رۆژانـی وەرگرتنـی تـەندر بـەردەوام دەبێـت تـا (٢٠٢٠/١/٥)کاتژمێـر (١٢)ی نیـوەرۆ.

٣- رۆژانـی گەڕاندنـەوەی تەنـدەر بـەردەوام دەبێـت تـا (٢٠٢٠/١/٧)کاتژمێـر (١٠:٣٠)ی بەیانـی.

٤- ڕۆژی کردنـەوەی ئاشـکراکردنی تەنـدەر لـە رۆژی (٢٠٢٠/١/٧)کاتژمێـر (١١)ی پێـش نیـوەڕۆ دەبێـت.

٥- هـەر ڕۆژێـك لـەو بەرواراندەی لەسـەرەوە دەسـت نیشـان کـراوە بـوو بـە پشـوی ڕەسـمی بـە هـەر هۆیەکـەوە بێـت، ئـەوا یەکـەم ڕۆژی دەوام دوای پشـوەکە دەبێـت.

٦- مـاوەی جێبەجێکـردی پرۆژەکـە بریتیـە لـە: (٣٦٠) رۆژی رۆژمێـری.

٧- پارێـزگای هەڵەبجـە پابەنـد نیـە بـە کەمتریـت نـرخ.

٨- مـاوەی بەسـەرچونی تەنـدەر (٩٠) ڕۆژ لـە دوای بـەروار‌ی داخستنی صندوقی تەندەر.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئـەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرە ناوخۆییانـەی کـە بەشـداری کەمکردنەوەکـە دەکەن،پەسـەند کرابـن لـە لایـەن وەزارەتـی پلاندانـان ، وە بـەروار‌ی پێناسـەکەیان بەسـەرنەچوو بێت،لەگـەڵ پێناسـەی یەکیتـی بەڵێندەرانـی کوردسـتان کـە بەروارەکـەی بەسـەر نەچووبێـت.

٢- ئـەو کۆمپانیـاو بەڵێنـدەرە نیشـتمانییانەی کـە لـە دەرەوەی هەرێمـن پێویسـتە تۆمـار بـن و پشـتگیری کردنـەوەی لقیـان هەبێـت لـە لایـەن وەزارەتـی بازرگانـی هەرێـم.

٣) ئـەو کۆمپانیـا بیانیانـەی کـە بەشـداری کەمکردنەوەکـە دەکـەن پێویسـتە بروانامـەی دامەزراندنـی لقیـان هەبێـت لەلایـەن وەزارەتـی بازرگانـی هەرێـم.

٤- هیـچ تەندەرێـك لـە دوای وادەی دیاریکـراو وەرناگیرێـت و سندوقی تەندەر دادەخرێـت.

٥- ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بهێنرێت.

٦- بارمتـەی یاسـای بـە بەڵێنامـەی نـوسراو بـۆ دەسـتەبەرکردنی تەنـدەر.

٧- پێویسـتە بەڵێنـدەر یـان نوێنـەری متمانەپێکـراو ئامـادەی کردنـەوەی تەنـدەر بێـت بـە پێچەوانـەوە پرۆسـەی کردنـەوەی تەنـدەر بـەردەوام دەبێـت.

٨- پێویسـتە بەڵێنـدەر لەکاتـی نەگەڕاندنـەوەی تەنـدەر نامـەی لێبـوردن (اعتـذار) پێشـکەش بـکات وە تیایـدا هۆکاری نەگەڕاندنـەوەی تەندەرەکـە دیـاری بـکات.

٩- پێویسـتە بەڵێنـدەر لـە کاتـی گەڕاندنـەوەی تەنـدەر ئیمەیـڵ (email) ی تایبـەت بـە خـۆی پێشـنەکەش بـکات.

١٠- پێویسـتە لەسـەر بەڵێنـدەر پابەنـدی ڕێنمایـی جێبەجێکردنـی گرێبەسـتە گشـتیەکان ژمـارە(٢)ی سـاڵی (٢٠١٦) و مەرجـە گشـتیەکانی بەڵێندەرایەتـی ئەندازەی عیـراق بەشـی (١،٢) بێـت.

١١- پێشـکەش کردنـی نـرخ بەدینـاری عێراقـی بێـت بەڕێنووسـی ئینگلیـزی پـڕ بکرێتـەوە.

کاوە علی کریم

جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ١٦٩/ج/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٥

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ داود حمە درویش قادر

ئاگادارکردنەوە

لەبـەر ئـەوەی تـۆ تۆمەتبـاری بەپێـی مـادەی ٤٦٠ لەیاسـای سـزادان و سـەلماندنی هەلاتنـت وە نادیـاری جێگاکـەت لـە کاتـی ئێسـتادا بۆیـە بریـاردرا پاڵپشـت بەمـادەی ١٤٣ لەیاسـای بنەمـا دادگاییەکانـی سـزایی بەپێراگەیاندنـت لـە دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم دادگای تاوانـی یەکـەم لـە هەولێـر لـەرۆژی ٢٠٢٠/٣/١٢ وە بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنەکـە ئەنجـام دەدرێـت دەرهەقتـان بەشـێوەی پاشـملە بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر

ژمارە/ ١٦٥/ج/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٢

بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (وریا ظاهر طاهر)

ئاگادارکردنەوە

لەبـەر ئـەوەی تـۆ تۆمەتبـاری بەپێـی مـادەی ٢٦٧ لەیاسـای سـزایی وە سـەلماندنی هەلاتنـت و نادیـاری جێگاکـەت لەکاتـی ئێسـتادا بۆیـە بریـاردرا و پاڵپشـت بەمـادەی ١٤٣ لەیاسـای بنەمـا دادگاییەکانـی سـزایی بەپێـی راگەیاندنـت لـە دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم دادگای تاوانـی یەکـەم لـە هەولێـر لـەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ وە بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنـی بەشـێوەی پاشـملە/ غیابـی بەپێـی یاسـا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٤٦٥/ج/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٥

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ هیوا یعقوب خورشید

ئاگادارکردنەوە

لەبـەر ئـەوەی تـۆ تۆمەتبـاری بەپێـی مـادەی ٤٥١ لەیاسـای سـزادان و سـەلماندنی هەلاتنـت وە نادیـاری جێگاکـەت لـە کاتـی ئێسـتادا بۆیـە بریـاردرا پاڵپشـت بەمـادەی ١٤٣ لەیاسـای بنەمـا دادگاییەکانـی سـزایی بەپێراگەیاندنـت لـە دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم دادگای تاوانـی یەکـەم لـە هەولێـر لـەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٨ وە بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنەکـە ئەنجـام دەدرێـت دەرهەقتـان بەشـێوەی پاشـملە بەپێـی یاسـا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ١٧٩/ج/٢٠١٧

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٥

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ علاء جواد کاظم

ئاگادارکردنەوە

لەبـەر ئـەوەی تـۆ تۆمەتبـاری بەپێـی مـادەی ٢٤ لەیاسـای هاتووچـۆ و سـەلماندنی هەلاتنـت وە نادیـاری جێگاکـەت لـە کاتـی ئێسـتادا بۆیـە بریـاردرا پاڵپشـت بەمـادەی ١٤٣ لەیاسـای بنەمـا دادگاییەکانـی سـزایی بەپێراگەیاندنـت لـە دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم دادگای تاوانـی یەکـەم لـە هەولێـر لـەرۆژی ٢٠٢٠/٣/١٢ وە بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنەکـە ئەنجـام دەدرێـت دەرهەقتـان بەشـێوەی پاشـملە بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر

ژمارە/ ١٦٥/ج/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٢

بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (زید طارق باسم و طارق باسم نجم)

ئاگادارکردنەوە

لەبـەر ئـەوەی ئێـوە تۆمەتبـارن بەپێـی مـادەە ٤١٢ لەیاسـای سـزایی وە سـەلماندنی هەلاتنتـن و نادیـاری جیگاکەتـان لەکاتـی ئێسـتادا بۆیـە بریـاردرا و پاڵپشـت بەمـادەی ١٤٣ لەیاسـای بنەمـا دادگاییەکانـی سـزایی بەپێـی راگەیاندنتـان لـە دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی بـۆ ئامادەبوونتـان لەبـەردەم دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـەرۆژی ٢٠٢٠/٣/١٢ وە بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنەکـە ئەنجـام دەدرێـت دەرهەقتـان بەشـێوەی پاشـملە بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر

ژمارە/ ١٦٥/ج/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٢

بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (وریا ظاهر طاهر)

ئاگادارکردنەوە

لەبـەر ئـەوەی تـۆ تۆمەتبـاری بەپێـی مـادەە ٢٦٧ لەیاسـای سـزایی وە سـەلماندنی هەلاتنـت و نادیـاری جیگاکـەت لەکاتـی ئێسـتادا بۆیـە بریـاردرا و پاڵپشـت بەمـادەی ١٤٣ لەیاسـای بنەمـا دادگاییەکانـی سـزایی بەپێـی راگەیاندنـت لـە دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم دادگای تاوانـی یەکـەم لـە هەولێـر لـەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٣١ وە بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنەکـە ئەنجـام دەدرێـت دەرهەقتـان بەشـێوەی پاشـملە بەپێـی یاسـا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ١٧٢/ج/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٢

بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (زید طارق باسم و طارق باسم نجم)

ئاگادارکردنەوە

لەبـەر ئـەوەی ئێـوە تۆمەتبـارن بەپێـی مـادەە ٤١٢ لەیاسـای سـزایی وە سـەلماندنی هەلاتنتـن و نادیـاری جیگاکەتـان لەکاتـی ئێسـتادا بۆیـە بریـاردرا و پاڵپشـت بەمـادەی ١٤٣ لەیاسـای بنەمـا دادگاییەکانـی سـزایی بەپێـی راگەیاندنتـان لـە دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی بـۆ ئامادەبوونتـان لەبـەردەم دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـەرۆژی ٢٠٢٠/٣/١٢ وە بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنەکـە ئەنجـام دەدرێـت دەرهەقتـان بەشـێوەی پاشـملە بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٢٤٥١/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (علی سلیمان اوزتبوز)

داواکاران (هـوزان عزیـز شـاهو و عدنـان و سرمـد و احمـد و عبداللـە منداڵانـی عدنـان یاسـین) داوای ژمـارە (٢٤٥١/ب/٢٠١٩) لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرتان وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری (هەولێـر/ گەرەکـی ئـازادی) بۆیـە دادگا بڕیـاری دا بەپـێ راگەیاندنـت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـەرۆژی دادبینـی ٢٠٢٠/١/١٦, بەپێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێ بەشـێوەی پاشـملە بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای کەتنی دوکان

ژمارە: ٦٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٩

پسولەی ئاگادارکردنەوە

ناوی سکالاکار/ شۆخان جمال حمە رضا ناونیشان: نادیار

لەبـەر ئـەوەی لـە دۆسـیەی ژمـارە ٦٢/ك/٢٠١٩ لـە دادگای کەتنـی دوکان تۆمەتبـاری و وە شـوێنی نیشـتەجێبوونت دیـاری کـراو نییـە بۆیـە بڕیارمانـدا بـە ئاگادارکردنـەوەت لـە رێگـەی دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخۆیـیەوە بۆیـە پێویسـتە لەسـەرت ژمـارە ٨٦٥٠٦٩٥٠ دینـاری عیراقـی لەرێگـەی دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخـۆی هەرێمـی کوردسـتان کـە بریارێکـی پاشـملەیە (قابـلا للاعـتراض و الاسـتئناف و التمییـز)و مافـی تانەلێدانـت هەیـە لەبریارەکـە لەمـاوەی یاسـاییدا، بەپێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٥٧٦٠/ش/٢٠١٩

رێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (فراس جبار عباس)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (شـیاء داود رشـید) داوای ژمـارە (٥٧٦٠/ش/٢٠١٩)ی لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە تیایـدا داوای (تفریـق للهجـر) دەکات وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری (هەولێـر/ گەرەکـی ئـازادی) بڕیـاری دا بەپـێ راگەیاندنـت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـەرۆژی دادبینـی ٢٠٢٠/١/١٦, بەپێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێ بەشـێوەی پاشـملە/ غیابـی بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای کەتنی دوکان

ژمارە: ٦٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٩

پسولەی ئاگادارکردنەوە

ناوی سکالاکار/ شۆخان جمال حمە رضا ناونیشان: نادیار

لەبـەر ئـەوەی لـە دۆسـیەی ژمـارە ٦٢/ك/٢٠١٩ لـە دادگای کەتنـی دوکان تۆمەتبـاری و وە شـوێنی نیشـتەجێبوونت دیـاری کـراو نییـە بۆیـە بڕیارمانـدا بـە ئاگادارکردنـەوەت لـە رێگـەی دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخۆیـیەوە بۆیـە پێویسـتە لەسـەرت ژمـارە ٨٦٥٠٦٩٥٠ دینـاری عیراقـی لەرێگـەی دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخـۆی هەرێمـی کوردسـتان کـە بریارێکـی پاشـملەیە (قابـلا للاعـتراض و الاسـتئناف و التمییـز)و مافـی تانەلێدانـت هەیـە لەبریارەکـە لەمـاوەی یاسـاییدا، بەپێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

ژمارە: ٢٤٥١/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (علی سلیمان اوزتبوز)

داواکاران (هـوزان عزیـز شـاهو و عدنـان و سرمـد و احمـد و عبداللـە منداڵانـی عدنـان یاسـین) داوای ژمـارە (٢٤٥١/ب/٢٠١٩) لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرتان وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری (هەولێـر/ گەرەکـی ئـازادی) بڕیـاری دا بەپـێ راگەیاندنـت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـەرۆژی دادبینـی ٢٠٢٠/١/١٦, بەپێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێ بەشـێوەی پاشـملە/ غیابـی بەپێـی یاسـا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ٢٢٤٧٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ANAITIS) بۆ خزمەتگوزاری جوانکاری/ سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (ANAITIS) بـۆ خزمەتگـوزاری جوانـکاری/ سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/١٢/٤) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (عبدالهـادی محمـد حسـن) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو, مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروار‌ی ٢٠١٩/١٢/١٦

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریـا گشـت لایەکـی دکەیـن کـۆ کومپانیـا (تیـم هـاوس Team House) یـا بازرگانـی گشـتی/ ئینـان و برن/سـنوردار) بریـارا گهورینـا (ناڤـێ کومپانیـی) دایـە ژ کومپانیـا (تیـم هاوس Team House) یـا بازرگانـی گشـتی/ ئینـان و برن/سـنوردار) بـۆ کومپانیـا (دیڤـدا) یـا بازرگانیـا گشـتی/ ئینـان و بـرن/ سـنوردار) لەومـا هـەر کەسـەکی نـەرازی بیـت یانـژی مافەکـێ یاسـایی ل سـەر کومپانیـێ هەبیـت بـلا ددەمـێ یاسـایی دا سـەرەدانا رێڤەبەریـا کومپانیـا لدهوکـێ بکـەت ل (باژێـرێ دهوکـێ - جـادا مـازی) بـۆ ئێکلاکرنـا کێشـەیان

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن

رێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کۆمپانیـای (احمـد شـبیب خـضر) بـۆ بازرگانـی گشـتی و پاککـەرەوە/ تـاك) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ANAITIS)

بۆ خزمەتگوزاری جوانکاری/ سنوردار)

بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٦٤٩/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شیروان حامد رسول
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢/٢٣ ی هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامەی ناوخۆیە کان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٢١٧٩/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عماد محمد اسماعیل
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦ لە یاسای سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ١٧٣٤/ك/٢٠١٦
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رۆوف علی رحمان
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٩ لە یاسای سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٥٩٠/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤
بۆ/ تاوانبار: رێباز نجم الدین خضر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ناشکرا لەداوای کەتنی ژمارە ١١٦/ك/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٥٣ لەیاسای سزادان ژمارە حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردن بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراضیت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٩٥/ك/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (سوبات قادر علی)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ناشکرا لەداوای کەتنی ژمارە ١٩٥/ك/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ١/٤١٣ لەیاسای سزادان بەدەلالەتی ماددەی ٣١ لە هەمان یاسا حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سوک بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراضیت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٦٠/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١١/٢٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵهاتوو (کیوان کەال حمەنادر)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی دادگایی کراوت نییە بریارمان دا لە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٨٩٠/ت/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٢٨١ لە یاسای سزادانی عیراقی) حوکم درا بەسەرتا بە ٦ ساڵ.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١١٦/ك/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (فرحان حسن کاکە علی)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ناشکرا لەداوای کەتنی ژمارە ١١٦/ك/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٥٣ لەیاسای سزادان ژمارە حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردن بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراضیت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٤١/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١١/٢٦
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵهاتوو (جواد موسی فاضل)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردن و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / جمال صدرالدین علی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٤٤٠٧/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٦
ئاگاداری
بۆ/ بەڕێوەبەری رێگەپێدراوی
کۆمپانیای (مایس لایف) سەرەرای
کارەکەی (سرور عبدالباسط احمد)
لەبەر نەزانین و نایاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (المیعە عزیز شێرە) کە (چۆلکردنی شوقە ژمارە ١٤ لە طابق شەش لەسەر مولکی ژمارە ١٣٢/٤٢٨ ك ٤٥ وارش وە هێنانی بری ٥٧٦٠٠٠ ماندووبوونی پارێزەرایەتی). ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٣٢٦ / ب / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨
جاردان
بۆ داوالێکراو/ ریدار جلال خضر
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (حسین محمد جبار) داوای ژمارە ٣٢٦ / ب / ٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (منع معارضە نەهێشتنی بەرهەلستی) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری شار- زین ستی بۆیە دادگا بریاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٦٧/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٦
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧٦٩١٤/هەولێر – تایبەت) جۆری (مازدا صالون) مۆدێل (١٩٩١) ڕەنگی (ماڕۆنی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (احمد محسن حمد) لە رۆژی (٢٠١٩/١٢/٣٠) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێک دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت, وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: ٣,٦٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوک
ژمارە / ٢٠١٩/٢٥٨٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٥
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا ئەڤان کەل وپەلێن لخشتێ خوارێ دیارکرین بێن (جهێ ئیدریس یێ پەرۆکێت ئافرەتان) ئەوێن ڤەدگەریت بۆ قەردار (ادریس محمد طاهر حاجی) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢/دوازدەی) نیڤرو ل روژا (١٠) دەهێ پشتی راگەهاندنێ وتەئمینا تێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠ ٪) ژ کۆژمێ خەملاندی کو دبێتە (٨٧٥٧٠٠٠) هەشت ملیون وحەفت سەد وپێنجی وحەفت هزار دینار بو زانین رە سمێ دەلالیەت لسەر بکری یە
١- قماش کوری مشکل هەژمار ٩٢ توب بها ٢٣,٠٠٠ کۆژمە ٢,١١٦,٠٠٠
٢- قماش ستن + جرجیت هەژمار ٧٠ توب بها ١٣,٠٠٠ کۆژمە ٩١٠,٠٠٠
٣- قماش انواع مختلفە هەژمار ١٣٣ توب بها ١٠,٠٠٠ کۆژمە ١,٣٣٠,٠٠٠
٤- قماش سردلنک هەژمار ١٤ توب بها ٢٥,٠٠٠ کۆژمە ٣٥٠,٠٠٠
٥- قماش حریر هەژمار ٢٦ توب بها ٢٣,٠٠٠ کۆژمە ٥٩٨,٠٠٠
٦- قماش تول حجم طویل هەژمار ٥٨ توب بها ٣٠,٠٠٠ کۆژمە ١,٧٤٠,٠٠٠
٧- قماش حریر حجم صغیر هەژمار ٦ توب بها ١١,٠٠٠ کۆژمە ٦٦,٠٠٠
٨- قماش ترون هەژمار ٤٩ توب بها ٢١,٠٠٠ کۆژمە ١,٠٢٩,٠٠٠
٩- قماش جرجیت هەژمار ١٠ توب بها ٢٣,٠٠٠ کۆژمە ٢٣٠,٠٠٠
١٠- قماش مشجر هەژمار ١٦ توب بها ٢٣,٠٠٠ کۆژمە ٣٦٨,٠٠٠
١١- قماش باطی هەژمار ١ توب بها ٢٠,٠٠٠ کۆژمە ٢٠,٠٠٠
کۆژمێ کشتی بدیناری عێراقی ٨,٧٥٧,٠٠٠
هلات عبدالکریم محمد / جێ بەجێ کاری داد
***
سەرۆکاتیا باژێرڤانییا کەلەك
بەشێ مولکایەتی
ژمارە/ ٤٩٤
رێکەفت/ ١٦ /١٢/ ٢٠١٩
ب/راگەهاندنا نەخشێ روونکری
نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (١٠٧٥٥) لە ٢٠١٩/١٢/٢ ئامادە بنڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئافەدانی ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٣١٣٧) لە ٢٠١٩/١١/٢٧ سەبارەت ب نەخشێ (٤٧٣) کەلەك کو بهێتە پەسەندکرن وژێك جوودا کرن وئەژمارکرن هەروەسا رەگەزێ بەشەك ژ پارچا ژمارە (٣/١١) کەرتێ (١٢٢) ئاسکی کەلەك کو دکەڤیتە سەر وێ نەخشەی بهێتە گهورین ژ رەگەزێ (خزمەتگوزاری) بۆ رەگەزێ کەسکاتی ژ جورێ (Garden)بویە هیڤی یە بۆ ماوێ (٣٠) سیە رۆژان نەخشێ روونکری بهێتە راگەهاندن د رۆژناما هەوەدا ئەڤجا هەر لایەن وکەسەکێ یان هەر فەرمانگەهەکێ گازندە یان تێبینیەك هەبیت ل سەر ڤێ نەخشەی بلا ئاگەهداریا سەرۆکاتیا باژێرڤانیا مە بکەن دماوێ دیارکریدا ژبەرکو پشتی بدوماهی هاتنا ماوێ یاسای هیچ کەسەکێ ماف نینە چ گازندە یان داخازیا لسەر وێ نەخشەی بکەت
فائق احمد علی/ سەرۆکی شارەوانی کەلەك
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٣٥٩ / ب / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ بەڕێوەبەرایەتی ڕێپێدراوی کۆمپانیا (EDTS) شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (یحیی مجید علی) داوای ژمارە ٣٥٩ / ب / ٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (فسخ العقد مع التعویض) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گوندی کوری بۆیە دادگا بریاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/٢٦ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
***
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی عەنکاوە
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ژمارە ٣٩١ لە گەڕەکی دەرگە/ عەنگاوە لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١١ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا بەچەسپاندنی تەواوی مولکی ژمارە (٣٩١) بەناوی (رئاسة اسقفیة ایبارشة اربیل الکلدانیة) بچەسپێ بریارەکە شیاوی تانەلیدانە لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی عەنکاوە
***
(ئاگاداری)
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم مولکانەی خوارەوە بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە زیادکردنی ناشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) و رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری لە سۆران بدات بە مەبەستی ئاگاداربوون لە مەرجەکانی بەشداربوون لە زیادکردنەکە لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێدەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری سەعات (١٠) ی سەرلەبەیانی لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی سۆران بدات , بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێدان لە ئەستۆی کڕێچییە.
١/ پرۆژەی گەشتیاری لە زەوی ژمارە (١/١ك٢ رواندز) بە رووبەری (٤٠٠٠م٢).
٢/ کۆمەڵگای گەشتیاری لە زەوی ژمارە (٢ك٤ گەلی علی بەگ) بە رووبەری (٢٢٥م٢).
د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان خانووبەرەی میری
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ١٥٢١/ك/٢٠١٦
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شاسوار
محمد محمدرشید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣ لە یاسای سزادان) لەیاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Functional Job Title	Social Engagement Officer
Department	Operations / Social Performance
Reports to	Social Performance Field Supervisor
Region	Kurdistan Region of Iraq
Location	Khor Mor / Chamchamal / Block 19 / Block 20
Job Reference SEO/SP/DEC/19	

Job Summary and Scope

Social Engagement Officer plays a key role in the day to day execution of the Operator's stakeholder engagement and consultation activities. This includes establishing and building harmonious and mutually beneficial relationships between the Operator, key stakeholders and communities in the area of operation by acting as an interface between the Operator and local stakeholders.

The position is responsible for working in cooperation with local stakeholders to communicate project related information, consult on social issues and impacts, act as liaison for community grievances and provide field support to execute social investment initiatives. The position works in close cooperation with key internal functions including Drilling, Operations, HSE, Asset Protection, Human Resources and Supply Chain Management to ensure the effective day to day management of social performance issues.

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

Stakeholder Engagement, Consultation & Grievance Management

- Build and maintain strong working relationships with key stakeholders in the operations / project areas including (but not limited to) MNR, local authorities and leadership and communities.
- Monitor the interactions between contractors / sub-contractors, locally employed persons and local communities and report any impropriety or concerns to Social Performance management.
- Submit daily activity reports to the line manager.
- Ensure stakeholder concerns, grievances and issues are captured, resolved and reported in accordance with the Operator's Grievance Management Procedure.
- Provide stakeholder feedback and insight and advise the Social Performance Field Supervisor on external developments, trends and issues which may impact operators or future project activities.
- Undertake community engagement and consultation to educate the local stakeholders on operational activities as appropriate.
- Represent the Operator at local engagements which require social performance input / knowledge.

Social Impact Management

- Support the execution of social impact management plans in accordance with Social Performance Management System (SPMS) requirements. Where a contractor holds responsibility, support contractor monitoring activities as requested.
- Provide social performance support to all site-based construction activities (early works, civils, workforce accommodation, associated facilities) as required to manage any social impacts (positive or negative).
- Contribute to site baseline mapping, risk assessments and management planning as required.
- Support other Operator initiatives (environmental awareness, local content etc) which contribute to social performance management as required.

Crescent Petroleum

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

Social Investment

- Based on community feedback acquired during engagement and consultation activities, provide inputs into potential social investment initiatives for consideration.
- Support the execution of the Operator's social investment programme, as required.
- Identify and secure required necessary clearances for execution of the agreed social investment initiatives as requested.

Other responsibilities

- Ensure all required reports are completed in an accurate and timely manner.
- Play a key role in the proactive management of site-based project issues, as requested.

Required Knowledge, Skills and Attributes:	
Education	▪ College Graduate; or potential experience in similar role.
Experience & Skills	▪ 2 – 3 years relevant past experience in similar job preferably in the extractives industry. ▪ Good computer skills (Microsoft Office). ▪ Good organisational and problem-solving skills. ▪ Excellent verbal and written communication skills. ▪ Good negotiation, conflict management and strong listening skills. ▪ Ability to effectively Chair large community meetings.
Language	▪ Native Kurdish - fluent in reading, writing and speaking. ▪ Good understanding of written and spoken English & Arabic.
Certificates / Licenses	▪ Any certificate putting value to the position.
Behaviours	▪ Awareness and sensitivity to diverse views and opinions. ▪ Demonstrates a high level of personal integrity. ▪ Establishes priorities and works with minimal direction. ▪ Collaborative. ▪ Participates in proactive team efforts to achieve departmental goals. ▪ Self-motivated and uses initiative and judgment to attain the best results. ▪ Demonstrates a personal commitment to health, safety and responsible environmental management.
Unique requirements of the job	▪ Similar social performance experience in rural areas. ▪ Understanding of local community practices and knowledge of local culture/history.

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than 27 December 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Social Engagement Officer, Ref: SEO/SP/DEC/19)

راگەیاندن دوژمنی گەل نییە



چارلس بلو

راگەیاندن دوژمنی گەل نییە. دوژمنی گەل نەفامی و پشتگوێ خستنی راستی و فەرامۆشکردن یان باوەڕ پێنەکردنیەتی. بێ رۆژنامەگەرییەکی بووژاوە، هیچ ڕێگەیەکی کارای گەیشتن بە دیموکراسیەت نییە. یەکێ لە ئەرکە مەزنەکانی رۆژنامەگەریی، ملکەچکردنی دەسەڵاتە بۆ لێپرسینەوە، لە ڕێگەی ئاشکراکردنی ئەو شتانەی، دەسەڵات بەدەستان دەیشارنەوە. ئەگەر رۆژنامەکان نەبێت، گەندەڵی پشت بە شاردنەوە دەبەستێت.

لێپرسینەوەش پەیوەستە بە ئاشکرا کردنەوە. دامەزرێنەرانەی ئەو وڵاتە ئەوەیان دەزانی، پێم وایە دۆنالد ترەمپیش ئەوە دەزانێت، لەوانەشە هەوڵ بدات نینۆکەکانی ئەو کارە بقرتێنێت. رۆژنامەگەری ئازادی بوێر، گەورەترین هاوپەیمانی سەربەستی بووژاوەیە. ئەو جۆرە هەوڵدانە لاسار و بێ پسانەوەیەش، کە ڕوومالکردنی رۆژنامەگەریی پێویستیەتی، پێویستی بە رۆژنامەگەرییەکی پیشەگەر هەیە. واتە کەسانێک کە بتوانن، رۆژی خۆیان بەدەست بێنن و مالباتەکانیان بژێنن، لە سایەی گەڕانی بێ وچانیان بەدوای راستیدا. پیشەگەرییش، لە تۆڕەکانی تەلەفزیۆنی هەوالییەوە بۆ یوتیوب، پاشان لە رۆژنامەیەکی رۆژانەوە لە شارێکی گەورەوە دەبێت. هیچ کەس ئەوەندەی ترەمپ، حەزی لەو دەستەواژانە نییە کە بە کەسەکانەوە دەلکێندرێت. ئەو حەزی لە ئاکارەکانە. حەزیش دەکات نازناوی نارەوا بە نەیارەکانی بلکێنێت. ئەوەش دەبێتە هەڵەیەکی ڕەتبوو، ئەگەر لە کەسانی دیکەوە دەرچێت، بەڵام ترەمپ سەرۆکە و وشەکانیشی لەسەر سەکۆی سەرۆکایەتی کاریگەرن، لەوانەش لە هەموو دەزگایەکی راگەیاندن، کاریگەری بەهێزتر بێت، ئەوەش لایەنێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لێدوانەکانی سەرۆک، لە میانی هەمان ئەو دەزگایانەوە زیاتر دەبن. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، هێرشە بەردەوامەکانی تەرەمپ، بۆ سەر رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنووسان، بەرەو ئەوپەڕی پێشێلکردنی پرۆتۆکۆڵەکان، بەڵکو بۆ بەپرسیاریەتی دەستووریش هەڵدەکشێت، چونکە بەیەکێ لەو زیانە زۆرانە دادەنرێت، کە دەکرێت بۆ ئەو سەرۆکایەتییە بکرێتەپێوەر. لە راپرسییەکی زانکۆی کوینیپیاک دەرکەوتووە، ڕێژەی 34%و 36% کۆماریەکان دەڵێن، راگەیاندنی هەوالی دوژمنی گەل، هەموو گرووپێکی حزبی، ڕەگەزی، فێرکاری، تەمەنی و ئیتنیی دیکەیە و دەزگاکانی راگەیاندنیش، بەشێکی گرنگی ئەو دیموکراسیەتەن. ترەمپ، بەکردار ئەو دڵەڕاوکێیە بەرپابووەی سەبارەت بە رۆژنامەگەریی، وەکو چەکێک بۆ پووکانەوەی بە شێوەیەکی گەورەتر بەکارهێناوە. بەشێک لە بەکەم تێڕوانینی ترەمپ بۆ رۆژنامەگەریی ئەوەیە، کە بەچاوی خۆی لە تامەزرۆیی و لاوازی بینیوویەتی و، دەکرێت بقۆزتێتەوە، چونکە میژوویەکی درێژی لە قۆزتنەوەدا هەیە، کە لە هۆنینەوەی چیرۆکی ساختە تاکو گەورەکردنی قەبارەی سامانەکەی درێژ دەبێتەوە.

ترەمپ پێی وایە بۆ چەمکی (هەواڵی درۆ) بە ئەمەکە، چونکە خۆی ڕۆڵی بازرگانی هەواڵە درۆییەکانی گێڕاوە. لایەنێک لە کەسایەتی ترەمپدا هەیە، کە باوەڕی بەوە هەیە، هەندێ سەرچاوەی نادیار بوونیان نییە، چونکە خۆی یەکێ لە سەرچاوەکان بووە، کە ڕۆڵی کەسایەتییەکی دیکەی گێڕاوە، بۆیە سەرچاوەیەک بووە کە هەرگیز بوونی نەبووە. ئەو گومانە گشتییەکان و نەبوونی متمانە بەکار دێنێت، بۆ ئەوەی گومان بخاتە سەر هەواڵە ڕەواکان، ئەوانەی دەزانێت کە ڕاستن. ترەمپ تەنیا ڕۆژنامەگەریی گومڕا ناکات، بەڵکو گەفیشی لێدەکات، چەندین جاریش داوای ئەنجامدانی پشکنینی وردی بۆ یاساکانی ناوزڕاندن لە ولاتدا کردووە. بەڵام خۆی میژوویەکی درێژی لە هەڕەشەکردن، لە دانە دادگای دەزگاکانی راگەیاندندا هەیە، بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزیشەوە. هەڕەشەی لە فەیسبووک، گووگل و تویتەریش کردووە، ئەو لەسەر خاکێکی زۆر پشێو هەنگاو دەنێت، بۆیە دەبێت زۆر بە ئاگا بێت. هەتا هەڕەشەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی فیدراڵیشی بۆ بەرنامەی (ساتردەی نایت لایڤ)، بەهۆی هێرشکردنە سەری کردووە. سەبارەت بە ترەمپ، لەوانەیە ئەوەیان هەڕەشە، گەف و نمایشێکی سیاسیی بێت-ئەوە دەزگاکانی راگەیاندنی نەداوەتە دادگا- بەڵام هەڕەشەکردن بە خودی خۆی کاولکارە و بۆچوونەکان بۆ ڕۆژنامەگەریی ژەهراوی دەکات، نەخاسمە لەنێو ئەو خەڵکانەی، کە پشتیوانی لە ترەمپ دەکەن. راپرسییەکی دەزگاکانی (ئەکسیۆس) و (سێرڤی مانکی)، کە ئەنجامەکانی لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەیان بەوە کردووە، نزیکەی هەموو کۆماریەکان و بێ لایەنەکان، ئەوانەی مەیلیان بەلای کۆماریەکانە (بە ڕێژەی 92%) دەڵێن، دەزگاکانی هەواڵی باو بڵاو دەبێتەوە، هەرچەندە دەشزانن، هەواڵی ساختەن یان ڕاپۆرتی گومڕاکەرن، بەڵایەنی کەمەوە هەندێ جار. بەڵام ئەو دیاردەیە، بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان، تەنیا بە سەردەمی ترەمپەوە پەیوەست نییە. وەکو چۆن ئەو ڕاپۆرتەی لە دەزگای (نایت) بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەریی و دەزگای (گالوپ) بۆ ڕاپرسی دەرچووە لە ئەیلولی ڕابردووەدا، ئاماژە بەوە دەکەن، لە نێوان ساڵانی 2003 و 2006، ڕێژەی ئەو ئەمریکیانە کەم بووەتەوە، کە دەڵێن، بڕێکی زۆر یان ماقوڵ متمانەیان بە دەزگاکانی راگەیاندن هەیە، لە 54%وە بۆ 32%، بەر لەوەی چاکتر ببێت و بگاتە 41%لە ساڵی 2017دا، لەگەڵ چاکبوونەوەی متمانە لەنێو دیموکراتەکاندا. بەڵام ئەوە شتەی کە هۆشداریی خراپە دەدات، ڕاپرسییەکی کۆمپانیای (ئەپسوس)ە، کە لە مانگی ئاب دەرچووە و دەریخستووە، زۆرینەی کۆماریەکان بە ڕێژەی 43% لەسەر ئەوە ڕازین (سەرۆک دەبێت دەسەڵاتی داخستنی ئەو دەزگا هەواڵییانەی هەبێت، کە بە خراپە مامەڵە دەکەن). من لە هەموو کێشەکانی خەڵکی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگەم، لە بڕی کاریگەری وێرانکردنی متمانەی گشتی، دەنگۆی دامودەزگایی و پیشگەرییش دەگەم، کاتێک دەزگایەکی ڕاگەیاندن، یان هەتا چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەکەونە هەڵەیەکەوە. لە هەموو ئەوشتانە دەگەم، بەڵام دەشزانم ئێمە بەڕاستی ئازاد نابین، ئەگەر ئەو ڕۆژە بێت، کە ڕۆژنامەگەری ئازاد لە جەربەزەیی بترسێت.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.alittihad.ae

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1983:
لە مارکێتێکی شاری لەندەن سوپای کۆماریی ئێرلەندی کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام دا و لە ئەنجامدا 10کەس کوژران.



ساڵی 1865:
ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆیلایەتی قەدەغە کرد.



ساڵی 1956:
ولاتی ژاپۆن بوو بە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان .



ساڵی 1997:
لە ماوەی سێ سەددا بۆ یەکەم جار بڕیارێک دەرکرا و تیایدا ڕێگە بە سکۆتلەندا درا کە ببێتە خاوەنی پەرلەمانێکی تایبەت بە خۆی .



ساڵی 2006:
دۆنالد رامسفیلدی وەزیری پێشووتری بەرگری ئەمەریکا دەستی لەکار کێشایەوە .



ساڵی 2016:
لە شاری کەرەکی ئوردن و لە ئەنجامی هێرشێکی چەکدارانی داعشدا 12کەس کوژران و 35کەسی دیکە بریندار بوون .



پرۆفایل

ڤیدل کاسترۆ
هێمای بەرخۆدان و خەبات



ڕەمزی میرەکانی

ڤیدل ئەلیخاندرۆ کاسترۆ روز (13ئابی 1926 – 25 تشرینی دووەمی 2016) شۆڕشگێڕ و سیاسەتوانێکی خەڵکی کوبایە، کە لە ساڵی 1959وە تاکوو 1976 سەرۆک وەزیر و پاشان لە ساڵی 1976وە تاکو ساڵی 2008 سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە بووە. پاش دەست لەکارکێشانەوەی لە پۆستی سەرۆکایەتی، براکەی، رائوول کاسترۆ، بوو بە سەرۆکی کوبا. ڤیدل کاسترۆ بناغەدانەری پارتی کۆمۆنیستی کوبا تەنها پارتی یاسایی ئەو وڵاتەیە.

ژیانی

ڤیدل ئەلیخاندرۆ کاسترۆ، کەسایەتیەکی سەربازییە و لەڕێگای شۆڕشی سەربازییەوە لە ساڵی 1959تاکو ساڵی 2008بووەتە سەرۆکی کوبا، لە 13ئابی ساڵی 1926 لە خێزانێکی جووتیار لەدایک بووە، ساڵی 1945پەیوەندی بە زانکۆی هاڤاناوە کردووە و یاسای خوێندووە، لەساڵی 1950کۆلێژی تەواو کردووە و وەکو پارێزەر کاری کردووە، هێزێکی جەنگی دژ بە فۆلگینسیۆ باتیستا پێکهێناوە و هێرشیان کردووەتە سەر یەکێک لە بارەگا سەربازییەکان و 80 کەسیان لێکوژراوە و خۆشی دەستگیرکراوە و بە 15ساڵ بەندکردن سزا دراوە، پاشان لە ساڵی 1955 ئازاد کراوە و نەفی کراوە بۆ مەکسیک، خۆی و ڕائوولی برای سەرقاڵی بەرپاکردنی شۆرش بوون و چێ گیڤاراش پەیوەندی پێوە کردوون و کاسترۆی ناسیووە و بووەتە بەشێک لە کۆمەڵە شۆڕشگێڕییەکە. کاسترۆ، لە ساڵی 1956دا دەستی بەشۆڕش لە دژ بەحکوومەتی کوبا کردووە و ناو بەناوە هێرشی کردووەتە سەر حکوومەت، بەپاڵپشتی میللی و هاتنی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی کوبا بۆ ناو ڕێزی شۆڕشەکەی، فشاری لەسەر حکوومەتی هاڤانا دروستکردووە و لە ساڵی 1959دوای ئەوەی لە لێبدوانێکدا داوای مانگرتنێکی گشتی کردووە، سەرۆکی حکوومەت و سەرۆک کۆماری ناچاری هەڵاتن کردووە و بەسەرکردایەتی چێ گیڤارا گەیشتوونەتە هاڤانای پایتەخت. ڤیدل کاسترۆ، لە ساڵی 1965 سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی کوبا بووە و سیستمی وڵاتەکەی بەرەو کۆمۆنیستی و دەسەڵاتی تاک حزبی بردووە، لە ساڵی 1976 بووەتە سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت و ئەنجومەنی وەزیران و باڵاترین سەرکردەی سەربازی بووە، دوای ئەوەی لە ساڵی 2006 نەشتەرگەری کردووە جەڵەوی دەسەڵاتی داوەتە دەست رائوول کاسترۆی برا بچووکی، لەساڵی 2008 بەپێنج ڕۆژ پێش کۆتایی هاتنی ماوەی دەسەڵاتدارێتیەکەی ڕایگەیاندووە، چیتر ئارەزووی کاری سیاسیی نەماوە، واتا لە 19 شوباتی ساڵی 2008 ڕێگای سایتەکانی سەر بە باڵیۆزەکانی کوباوە، ژمارەیەک وتار بەناونیشانی تێڕامانەکانی کاسترۆ بەهەموو زمانەکانی جیهان باڵاو دەکاتەوە. کاسترۆ، لە ڕێکەوتی 25 تشرینی دووەمی 2016و لە تەمەنی 90 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

پڕۆفایل..

ناو: ڤیدل ئەلیخاندرۆ کاسترۆ ڕوز
لە دایکبوون: 13ئابی 1926
مردن: 25تشرینی دووەمی 2016
هاوسەر: میرتا دیاز بالارات، دالیا دیلفالی
ژمارەی منداڵ: 8
خوشک و برا: -3خوانیتا، ڕامۆن، رائوول
بڕوانامە: دکتۆرا لە یاسا
پۆستەکان: سەرۆک وەزیرانی کوبا 2008-1959، سەرۆکی کوبا 2008-1976، سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی کوبا 2011-1961، ئەمینداری گشتی ڕێککخراوی وڵاتانی بێ لایەن 2008-2006.
خەڵاتەکان: خەڵاتی کۆنفۆشیۆس بۆ ئاشتی 2014، خەڵاتی پلەیەکی دەوڵەتی ئۆکرایا 2010، خەڵاتی هاوڕێیانی ئێلیڤەر تامبۆ 2009، خەڵاتی کیتزال 2009،
سەرچاوە: ویکیپیدیا

دەنگ بدە بۆ ئەوەی سزا نەدرێی !

بەگوێرەی سەرجەم ئەو بنەمایانەی پەیوەستن بە دیموکراسییەت ، لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن خەڵک ئازادە لەوەی ڕوو بکاتە بنکەکانی دەنگدان و دەنگ بەو لایەن و پارت و کەسایەتیانە بدات کە خۆی پێشتر دەستنیشانی کردوون ، ئەمە تا ڕادەیەک بۆتە یاسایەک و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێ ، بەڵام پێدەچێ چەند وڵاتێکی کەم هەبن خاوەنی یاسای تایبەت بە ناچارکردنی کەسی دەنگدەر بن لەوەی پێوبستە لەسەری دەنگ بدات ، ئەگینا دەسەڵات ئامادەیە سزایان بدات ،سزاکانیش بریتین لە سزای دارایی یان خزمەتکردنی کۆمەڵگا و تەنانەت بەندکردنیش .

ئوستڕالیا

لەسەر ئاستی جیهان ،یەکێکە لەو 10 وڵاتانەی کە سیستمی دەنگدانی بەزۆر وەک خۆی جێبەجێ دەکات . سزای ئەو کەسەی کە بەشداری لە هەڵبژاردنی فیدراڵی ئەو وڵاتەدا ناکات دەگاتە 20 دۆلار ، لە کاتێکیش ئەگەر ئەو کەسە پارەکە لە وەختی خۆی نەدات ،ئەوا بڕی سزاکە دەگاتە 180 دۆلار . لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2016دا دەنگدەرێک ڕازی نەبوو دەنگ بدات ، بۆیە سزای بەخشینی 308 دۆلاری بەسەردا سەپێنرا ، ئەمە جگە لە بەخشینی پارەی ڕسوماتی یاسایی دۆسیەکە بە گوێرەی مادەی ژمارە 245ی یاسای هەڵبژاردنی ساڵی 1918.

23 دەوڵەت

لەسەر ئاستی جیهان،یاسای دەنگدانی بەزۆر لە 23 دەوڵەت هەیە ، بەڵام زۆربەیان کاری پێ ناکەن ، لەنێویاندا کەنەدا و نەرویژ و پورتوگال و یۆنان و سوید و بەڵژیکا و ئیتالیا .

ئەرژەنتین

لەو وڵاتە ، دەبێ هەموو هاوڵاتیەکی تەمەن 18تا 70ساڵ دەنگ بدات ، ئەگەر نەیدا دەکەوێتە بەر سزا ، ئەوانەش کە تەمەنیان لە خوار 70ساڵە لە هەڵبژاردنی پێشەکی دەنگ نەدات بەڵام دەبێ 48کاتژمێر پێشتر دەسەڵاتداران ئاگادار بکاتەوە.

بەرازیل

یاساکانی دەنگدان لە بەرازیل هاوشێوەی یاساکانی ئەرژەنتین لەگەڵ بوونی جیاوازیەکی کەم . لەو وڵاتە دەنگدان بۆ ئەو هاوڵاتیە تۆمارنەکراوانە بە زۆر نیا کە تەمەنیان لە نێوان 16و 17 ساڵە و ئەوان دەتوانن لە ڕێگەی بنکەکانی دەنگدان یان نووسینگەکانی پۆستەوە فۆرمی تایبەت پڕ بکەنەوە و تیایدا داوای لێبوردن بکەن.

ئیکوادۆر

بۆ ئەو هاوڵاتیانەی تەمەنیان لەنێوان 18تا 65ساڵە ، دەنگدان بە زۆرە ، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە 18ساڵ کەمترە یان ئەوانەی تەمەنیان لە 65ساڵ زیاترە ،هەروەها ئەوانەی نەخوێندەوارن بۆیان هەیە دەنگ نەدەن .

لۆکسمبۆرگ

تەنیا لە هەڵبژاردنی هەرێمیدا دەنگدان بە زۆرە ،ئەم بڕیارە ئەوانەش دەگرێتەوە کە بەمەبەستی دەنگدان ناوی خۆیان تۆمار کردووە .

پیرۆ

ئەو هاوڵاتیانەی تەمەنیان لە نێوان 18و 70ساڵە دەبێ دەنگ بدەن .

سەنگافورە

ئەوانەی تەمەنیان گەیشتۆتە 21ساڵ بە سەرەوە دەبێ دەنگ بدەن .

ئۆرگوای

ئەوانەی دەگەنە تەمەنی یاسایی پێویستە لە سەریان دەنگ بدەن.

هەرێمی شافهاوزن

لەو هەرێمەی سویسرا، دەبێ هاوڵاتیان ڕوو بکەنە بنکەکانی دەنگدان و دەنگ بدەن .

مانشێت



سکای نیوز :
سەرۆکی ڕووسیا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی تەنیا لەمساڵدا بە بەهای 13 ملیار دۆلار چەک و کەلوپەلی سەربازی فرۆشتووە .




ئیلاف :
وەزیری بەرگری ئەمەریکا داوای ڕوونکردنەوەی لە تورکیا کرد سەبارەت بە هەڕەشەکردنی ئەگەری داخستنی دوو پێگەی سەربازی کە ئەمەریکا لە تورکیا بەکاریان دێنێ .



ئەی ئێف پی :
لە باشووری ڕۆژئاوای چین و لە ئەنجامی دارمانی کانیێکدا 14 کرێکار گیانیان لەدەست دا .




ڕۆیتەرز :
فنلەندا بەنیازە ژمارەیەک لەو خانەوادانە وەربگرێتەوە کە پێشتر چووبونە ناو داعش .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت :
پەکین دەرکردنی دوو دیبلۆماتکاری وڵاتەکەی لەلایەن ئەمەریکا بە هەڵە ناو دەبات .



کەنالی ئار تی :
دادگایەکی پاکستانی بە تۆمەتی خیانەت سزای لەسێدارەدانی بۆ پەرویز موشەرەفی سەرۆکی پێشووی وڵات دەرکرد .



گرنگی گەشتوگوزاری زستانە و چۆنیەتی پەرەپێدانی لە هەرێمی کوردستان

نادر روستی

هاوین بە وەرزی گەشتیاری ناسراوە و زۆرترین گەشت لە هاوین ساز دەکرێ، بەوهۆیەی لە هاوین پشووی خوێندن هەیە دەرفەتی گەشتکردن زیاتر دەبێت، بە تایبەت کە پلەکانی گەرما بەرز دەبنەوە ناوچە فێنکەکان دەبنە قیبلەی گەشتیاران، بەڵام گەشتی زستانیش چێژ و خۆشی خۆی هەیە و جیاوازترە لە هاوین و وەرزەکانی تر، بە تایبەت لە رووی دیمەنی سروشت و نزمی پلەکانی گەرما کە تەواو پێچەوانەی هاوین دەبێتەوە، ئەم جیاوازیەش لە هەرێمی کوردستان زۆر بە رووتی خۆی نمایش دەکات و دەبێتە بنەمایەکی بە هێز بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری زستانە .

هەرێمی کوردستان لە وەرزی زستان بۆ ماوەیەک بەفر دایدەپۆشێت و دیمەنێکی جیاوازتر لە وەرزەکانی تر دەبەخشێتە سروشت، بە تایبەت لە ناوچە چیاکان کە بەفر زۆرتر دەبارێت و بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە، بارینی بەفر و هەبوونی دیمەنی ناوازە لە هەندێک ناوچە سەرنجی هەموو ئەو گەشتیارانە رادەکێشێ کە بە درێژایی ساڵ بەفر نابینن و دوورن لە ناوچە چیاکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەشێک لە دانیشتوی ناوچەکانی تری دەرەوەی هەرێم ئارزوو دەکەن گەشت بۆ ناو بەفر و بۆ سەر لوتکە چیاکان بکەن و کاتەکانیان لە ناوبەفر بەسەر بەرن و یاری بکەن و ژیانی ئاسایی رۆژانەیان بگۆڕن بە بەسەربردن و بەرێکردنی کاتی پر لە شادی و خۆشی لە ناو سروشتێکی جیاوازتر لە سروشتی ژینگەی هەمیشەی ژیانیان. لە هەمان کات بوار بۆ چالاکی وەرزشی زستان و کۆمەڵێک یاری ناو بەفر دەرەخسێت، هەندێک لە یارییەکان میللین و کەسانی ساده و ئاسایی دەتوانن بیکەن بە تایبەت شەڕەبەفر و بووکە بەفر و خشۆکانێتی ناو بەفر. شاخەوان و ئارەزوومەندانی شاخەڕەویش بە ڕێشتن و سەرکەوتن بۆ سەرلوتکە چیاکان کە بەفرەای پۆشیون لە وەرزی زستان چالاکی و جوڵەیان زۆر دەبێت، هەندێک شاخەوانیش لە دەرەوەی هەرێم گەشت بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن و هەندێکجاریش بە شەو لە ناو چادرەکانیان لەسەر چیکان دەمێنەوە، زۆرجاریش شاخەوانان سەرکێشی دەکەن و شوێنی سەخت و ڕۆژانی سەخت و پڕ لە بەفر بارین بۆ گەشتەکان هەڵدەبژێن و خۆیان دەگەیەنێ بەو شوێنانەی کە کەسی ئاسایی پێی ناگەن.



خشۆکانێ و خلیسکانێی سەربەفر

ئامادەمان بە خشۆکانێ دا وەک یاریەکی میللی کە لە هەندێک ناوچە دەکرێ، هەندێک جار نایلۆنی ئەستوور و هەندێک جار منداڵان دەبەی ئاو کە 20 لیتر هەڵدەگرێ لە نیوەی دەبیرنەوە و لەسەری دادەنیشن و خشۆکانێیی پێ دەکەن، بەڵام هەندێک هاوڵاتی و گەشتیار بە شێوەی زانستی و وەرزشی ڕاهێنراو لەسەر ئامێری وەرزشی خلیسکانێ دەکەن و خۆیان لە چوارچێوەی گروپ ڕێکدەخەن و بە شێوەیەکی ڕێکخراو یاری خلیسکانێ لەسەر بەفر دەکەن. بۆ بەخشینی چێژی زیاتر و خۆشی زۆرتر گروپەکان فیستیڤاڵی خلیسکانێ ڕێکدەخەن و بۆ ماوەی ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک کۆمەڵێک چالاکی ساز دەکەن.

پێشخستنی گەشتوگوزاری زستانە

هەبوونی بنەمایی سروشت و کەشوهەوای گونجاو لە زستان، بەتایبەت بارینی بەفر دەرفەتی گونجاو بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری زستانە دەسازێنێ، بەڵام بنەماکان پێویستی بە پەرەپێدان و ڕێکخستن و دابینکردنی خزمەتگوزاری و بەبازاڕکردن هەیە، بۆیە حکومەت دەتوانێ ژێرخانی ناوچە گونجاوەکان ڕێکبخات و هەندێک خزمەتگوزاری گشتی بۆ دابین بکات، بە تایبەت ڕێگای گونجاو کە بە بەفر بارین نەخنکێت و ڕێگە نەگیرێت، هەروەها هەندێک خزمەتگوزاری وەک ئاوەدست و دەستشۆر و شوێنی گشتی پشوودان. لە لایەکیتر زەمینەی یاسای بۆ کەرتی تایبەت بڕەخسێ کە وەبەرهێنان لەو شوێنە گونجاوانە بکات کە بەفر بۆ ماوەیەکی زۆر لێی دەمێنێتەوە، بەتایبەت لوتکە چیاکان. پڕۆژەکان بەجۆرێک بن کە ئامێری گەیشتن بە شوێنە بەرزەکان هەبێت و بوار بڕەخسێنێ کە گەشتیاران بتوانن بچنەسەروە و خلیسکانێ بکەن و بێنەخوارەوە و چەند جاری تر سەربکەونەوە، لە هەمان کات ژمارەیەک خزمەتگوزاری جۆراوجۆری وەک شوێنی پشوودان و خواردن و خواردنەوە و ئامێری هەمەجۆر بۆ یاری کردنی جۆراوجۆر لە پڕۆژەکان بوونیان هەبێت.

نموونەی پڕۆژەیەکی گەشتیاری زستانە سەرکەوتو لە هەرێمی کوردستان

کەرتی تایبەت توانیویەتی چەند شوێنێکی مانەوە و یاریکردن و کاتبەسەر بردن لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان دروست بکات و بەشێوەی سەردەمیانە خزمەتگوزاری بۆ میوان و گەشتیاران دابین بکات، گەشتیاران دەتوانن بە هۆی تەلەفریک بۆ سەرلوتکە بەرزەکانی کۆڕەک لە ڕواندز و ئەزمەر لە سلێمانی و بابلۆ لە دهۆک سەربکەون. لە کۆمەڵگەی گەشتیاری چیای کۆڕەک چەندان جۆری یاری وەک خلیسکانە بۆ گەوران و بۆ منداڵان و سەرکێشی و فڕین بۆ گەشتیاران دابین کراون، شوێنی مانەوە و شوێنی کاتبەسەر برد و ڕوانگە بۆ سەیرکردنی دیمەنی سەرنجڕاکێشی سروشت دابینکراون، بە هەمان شێوە شوێنی کاتبەسەر بردن لە ئەزمەر و بابلۆ دابین کراوە. دەکرێ ئەم ئەزمونە پەرەپێبدرێت و لە سەر چەندان بەرزایی و لوتکە چیای تر بە باشتر دووبارە بکرێتەوە، بۆیە چاوەڕوانەدەکرێ لە ساڵانی داهاتوو گەشتوگوزاری زستانە زیاتر پەرەپێبدرێت و گرنگی بە دەست بێنێت و گەشتیاری زیاتر ڕابکێشێت.

بازاڕکردن و گەشتی زانستی لە زستاندا

وەرزی زستان و پایز بۆ کۆمەڵێک جموجۆڵ و چالاکی گەشتیاری گونجاوە، سەرەڕایی هەبوونی چالاکی ناو بەفر، دەکرێ گەشتی زانستی بۆ قوتابی و مامۆستایان بۆ بینینی ناوموزەخانەکان و بۆ سەردانی شوێنەوارەکان و شوێنە گرنگەکانی زانستی و پیشەسازی لە ناو سەنتەری شارەکان ڕێکبخرێ. دەکرێ گەشتیار بۆ بازاڕەکان و بۆ بۆنە و چالاکی هونەری و چالاکییەکانی سەری سالێ زاینی ڕابکێشرێ، دەکرێ لە زستان پێشانگە و کۆنفرانسی جۆراوجۆر ساز بکرێ جوڵەی زیاتر بخرێتە بازاڕەکانەوە، ئەم چالاکی و جوڵە گەشتیارییە بە تەنیا ئەرکی حکومەت نییە بەڵکو خاوەن شوێنەکانی گەشتیاری و خاوەن پڕۆژەکانیش پێویستە ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت و داشکاندن لە نرخەکانیان بکەن و سپۆنسەری چالاکیەکان بن.

لە هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری و کارەکاندا، گەشتوگوزاری سلێمانی پلەی یەکەمی بەدەست هێنا

بە ئامادەبوونی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرانی گەشتوگوزاری سلێمانی، مەولەوی جەبار سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێم ڕایگەیاند: لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی کارەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری لە شەش مانگی ڕابردوو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی توانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی هەولێر و دهۆک و گەرمیان بەدەست بێنێت، ئەمەش جێگەی دەستخۆشیە بۆ سەرجەم بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی گەشتوگوزاری سلێمانی. جێگای ئاماژەیە بەپێی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی ئامادەکراو لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار هەڵسەنگاندن بۆ جێبەجێکردنی پلان و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە دیوانی دەستە و لە شار و شارۆچکەکان دەکرێ، پێشتریش لە دیوانی دەستەی گەشتوگوزار بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لە دیوانی دەستە پلەی یەکەمی بەدەست هێنابوو.

لەلایەن یونسکۆوە وۆرکشۆپێک بۆ پێشخستنی میوانداری لە کەرتی گەشتیاری ڕێکخرا

ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان بە هاوبەشی یەکیەتی ئەوروپا لە پڕۆژەی چاکسازی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەی کە بە(TVET) ناسراوە، بە بەشداری نوێنەری ژمارەیەک لە وەزارەتەکانی هەرێم، زنجیرە وۆرکشۆپێکی سازکرد کە 8 ڕۆژی خایاند و ژمارەیەک کەرتی سەرەکی وەک: (گشتوکاڵ و گەشتوگوزار و پیشەسازی و بینایە و گواستنەوە و تەکنەلۆژیا و بازرگانی و کاری ڕۆژانە) گرتەوە، لە یەکێک لە وۆرکشۆپەکان کە 5 کاتژمێری خایاند ئەنجامی ڕووپێویک خرایە ڕوو کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر میوانداری کراوە، لە میانەی ڕووپێوەکە کە کۆمەڵێک داتا و زانیاری لە خۆ گرتبوو، کەموکورتی میوانداری و کارکردن لە میوانخانەکان و ڕیستۆرانتەکانی دەخستەڕوو، شێوازی وەرگرتن و کارکردن و کەموکورتیەکانی ڕوون دەکردەوە، کەمی ڕاهێنانی کارمەندان و سوود وەرنەگرتن لە دەرچووانی ئامادەی و پەیمانگا و زانکۆ لە گەشتوگوزار وەک کێشەیەکی گەورە دیارکرا.

وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار: لە بەرنامەدا هەیە بایەخی زیاتر بە گەشتوگوزار و شوێنەوار بدەین

بە مەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە کەرتی گەشتیاری، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە یاوەری شاندێکی وەزارەت کە لە بریکاری وەزیر و سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت پێکهاتبوو سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی کرد، لە میانەی کۆبوونەوەیەکدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ڕایگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی زۆر بە کەرتی گەشتوگوزار و شوێنەوار دەدات، هەوڵدەدات لە ساڵانی داهاتوو پێشکەوتنی بەرچاو لە کەرتی گەشتیار بەدی بکرێ، سوپاسی گەشتوگوزاری سلێمانیشی کرد کە لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا سەرکەوتوبوونە، دواتر چەند پرۆژە و شوێنێکی گەشتیاری و شوێنەواری لە شاری سلێمانی بەسەرکرانەوە.

لە مالیزیا ڕێگری لە بەبازاڕکردنی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان کرا

زانکۆی ئیسلامی نێودەوڵەتی مالیزیا ساڵانە (فیستیڤاڵی هەفتەی گەلان Global Ummatic Festival) بۆ هەموو گەلەکان ساز دەکات. ژمارەیەک قوتابی کورد ئەم ساڵ هەوڵیاندا وەک قوتابی گەلانی دیکە بە چەند چالاکیەک بە جلی کوردی و ئاڵای کوردستان و چەند بابەتێکی کولتووری و ژمارەیەک بلاوکراوەی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بەشداری بکەن، بە تایبەت لە هەردوو بەشی (بۆس و سەر ستێج) بەڵام لە لایەن چەند تورکێکی ڕەگەزپەرست ڕێگری لە بەشداربوونەکە کرا. قوتابیی بێستون سورچی یەکێک لەو حەوت قوتابیانەی کورد بوو کە بەشداری کردبوو، بەخەباتی ڕاگەیاند: ئێمە چەند قوتابییەکی کورد بەیەکەوە بڕیارماندا لەسەر ئەرک و خەرجی خۆمان ئەمساڵ بەشداری فیستیڤاڵی زانکۆکە بکەین، ژمارەیەک لە ئاڵای کوردستان و ژمارەیەک کەرستەی کولتووری و ژمارەیەک بلاوکراوەی گەشتیاری ئاماده بکەین کە پێکهاتبوون لە 40 کیلو کەرستە و زیاتر لە 100 دەلیلی گەشتیاری کوردستان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی گەیاندمانە مالیزیا، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەموو ماندوو بوونە و خەرجی زیاتر $1600، و ئامادەکاری تەواو، ڕێگریمان لێکرا. دوای بەدواداچوون بۆمان ڕوونبووە کە سەفارەتی تورکیا ڕازی نەبووەو ڕێگری کردووە، چونکە ئەوان سپۆنسەری ئەم فیستیڤاڵەیان دەکرد.هەرچەند بەنافەرمی هەروەک میوان بەشداربووین و ژمارەیەکی زۆر ڕێبەر و نەخشەی گەشتیاری و فیلمی گەشتیاری کە لە ڕاگەیاندنی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بردوومان بەسەر بەشداربووان دابەشمان کردن، ئێستاش سەرجەمی کەلوپەلەکانمان لە مالیزیا لای دکتۆرێکی کوردی نیشتەجێی مالیزیا بۆ بۆنە و ڤیستیڤاڵێکی تر پاراستووە.

خوێندنەوەیەکی یارییەکانی قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا

ڕووبەڕووبوونەوەی ریال مەدرید و مانچستەر سیتی زۆر سەخت دەبێت بۆ هەردوولا

پاریس سان جێرمان و دۆرتمۆند، یارییەکی کراوە و چێژبەخش دەبێت





ئەتلەتیکۆ مەدرید و لیڤەرپوول، ڕووبەڕووبوونەوەی بەهێزترین هێڵی هێرشبردن

بایرن میونشن و چێڵسی، بەهێزترین ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قۆناغە



ڕاپۆرت: هاوار مورتکەیی

ئەگەرچی هێشتا دوو مانگ ماوە بۆ دەستپێکردنی یارییەکانی قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، بەڵام ناسنامەی ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئەم قۆناغە بە پشت بەستن بە خولی وڵاتەکانیان و ئاستی ئەم وەرزیان کەپێشکەشی دەکەن، ئاماژەیەک بۆ ئەوە دەکەن کە کام یانە دەتوانن ئەم قۆناغەش ببڕن.

ڕیال مەدرید- مانچستەر سیتی

ڕووبەڕووبوونەوەی ڕیال مەدرید و مانچستەر سیتی جیاوازە لەو هەڵسەنگاندنەی کە ئاماژەمان بۆ کرد، لەبەر ئەوەی هەردوو یانە لە بەهێزترین یانەکانی جیهانن، لەم ساڵانەی دواییدا هەردوو تیپ ئاستی بەرزیان پێشکەش کردووە، واتە ئاستیان لەیەک نزیکە ڕەنگە زەحمەت بێت لە ئێستاوە ناسنامەی براوەی ئەو یارییە ئاشکرابکەین، یانەی ڕیال مەدرید خاوەنی ڕیکۆردی نازناوەکانی ئەم پاڵەوانیتییەیە، کە 13جار توانیویەتی جامەکە بەرزبکاتەوە، کە سێ نازناوی لەسەر یەکتری بووە، ئێستاش ئەو یانەیە لە پلەی دووەمی ڕیزبەندی لالیگادێت،بەرامبەر ئەو یانەیەش تیپەکەی پیپ گواردیۆلایە، کە دوو وەرز لەسەر یەکتری نازناوی خولی ئینگلیزی بەدەستهێنا، بەڵام ئەو ئاستەی ئێستا پێشکەشی دەکات زۆر نزمترە لە ئاستی پێشووی، کە دەبینین لە پلەی سێیەمی ڕیزبەندی خولی وڵاتەکەیان دیت و بە جیاوازی 14 خاڵ لە لیڤەرپوولی پێشەنگ دووەرە.

ئەتلەتیکۆ مەدرید- لیڤەرپوول

یارییە بەهێزەکەی دووەمی قۆناغی 16 ڕووبەڕووبوونەوەی ئەتلەتیکۆ مەدرید و لیڤەرپوولە، کە هەردوو یانە خاوەنی بەهێزترین هێڵی هێرشبردنن لە ئەورووپا و جیهان، ئەتلەتیکۆ خاسیەتیکی دیکەی هەیە ئەویش هیلی بەرگری ئەتلەتیکۆ بە ڕابەرایەتی دیگۆ سیمیۆنی، کە پلانی تۆکمەی بەرگری جێبەجێدەکەن، بەڵام تا ئاستێک ئاماژەکان لەبەڕژەوەندی پاڵەوانی ئەورووپا و پێشەنگی خولی ئینگلیزیدایە، بەتایبەتیش لەوەی کە ڕۆخی بلانکۆس لەم وەرزەدا زۆر بەئاستیکی نزم لە لالیگادا دەردەکەوێت و لە پلەی پێنجەمی خولی ئیسپانی دێت.

چێڵسی- بایرن میونشن

سێیەم بەهێزترین ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قۆناغە، یارییەکی نێوان چێلسی و بایرن میونشینە، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئاستی هەردوو یانەدا هەیە، بەتایبەتیش لە بەهێزیی یانە ئەڵمانییەکە، بەڵام میژووی چێلسی دەتوانیت ببێتە بەربەست لەبەردەم بایرن، ئەگەر سەیری ئاستی ئەم وەرزەی هەردوو یانە بکەین دەبینین، یانەی بایرن لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ئاستی جێگیرە و پێچەوانەی ئاستیتی لە خولی ئەڵمانیا کە ئاستی بەهەڵبەزودابەزی دەبینرێت، سەبارەت بە چێڵسیش ئەگەرچی لە پلەی پێنجەمی حوای ئینگلیزی دێت، بەڵام باڤاریەکان هەرگیز ئەو یارییەی 2012یان بیرناچێتەوە کە چێڵسی (ئەوکات لامپارد کاپتنی بوو) لەناو یارێگای خۆیان لێی بردنەوە و ئەو ترسەیان هەر لەسەر ماوە.

دۆرتمۆند- پاریس سان جێرمان

سەبارەت بە یاریی پاریس سان جێرمان و دۆرتمۆند، یارییەکی کراوە دەبێت بۆ هەردوولا، یانەی پاریس سان جێرمان توانی لە قۆناغی گرووپەکان کە ڕیال مەدریدی لەگەڵ بوو، پێشەنگی ئەو گرووپەی گرت و سەرکەوت، لەوڵاشەوە یانەی دۆرتمۆند کە لە گرووپی مەرگ لە پاڵ یانەکانی بەرشلۆنە و ئینتەر میلان یاریی کرد، کەچی توانی سەرکەوێت بۆ قۆناغی 16، ئەگەر سەیری ئاستی ئەم وەرزەیان بکەین دەبینین دۆرتمۆند چانسی کەمترە لەوەی لە سان جێرمان بباتەوە، چونکە ئێستا دۆرتمۆند لە پلەی پێنجەمی حولی ئەڵمانییەوە دێت و لەبەرامبەردا سان جێرمان پێشەنگی حولی فەڕەنسی گرتووە.

بەرشلۆنە- ناپۆلی

یارییەکەی دیکەی نێوان بەرشلۆنە و ناپۆلی، هەمووان ئەو ڕاستییە دەزانن کە یاریکردن بەرامبەر مێسی و هاوڕێکانی هەمیشە ترسی خستۆتە تیپی بەرامبەر، بەتایبەتیش یانەیەکی وەکو ناپۆلی کە ئێستا لەکێشەدایە سەبارەت بە ڕاهێنەر و لەهەمان کاتیش لەم وەرزەدا خراپترین ئاستی پێشکەش کردووە، کەچی بەرشلۆنە پێشەنگی لالیگایە جیاوازی ئاستیان زۆر لەیەک دوورە و ئاماژەکان ڕوو لەیانەی کاتالۆنی دەکەن کە سەرکەون.

یۆڤینتۆس- لیۆن

یاریی نێوان یۆڤینتۆس و لیۆن، بەوە پێناسەیان کردووە کە یانەی یۆڤی بەرابەرایەتی ڕۆنالدۆ خاوەنی زۆرترین چانس بوو کە کەوتە بەرامبەر ئەو یانە فەرەنسییە، چونکە ئەستێرەی لیۆن (ممفیس) تووشی پێکان بووە و ئاستی ئەم وەرزەشی تابلێیی خراپە و لەپلەی هەشتەمی خولی فەرەنسی دیت.


کاتی یارییەکان


جێی باسە یارییەکانی قۆناغی 16 لە 18و 19و 25و 26ی فێبریوەری داهاتوو بەڕێوەدەچێت، یاریی گەڕانەوەش لە ڕۆژانی 10و 11و 17و 18ی ئاداری داهاتوو دەبێت و بڕیارشلە لە 20ی ئادار تیروپشکی ڕکابەرییەکە ڕادەکێشرێت و یاریی کۆتایی خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەورووپاش لە لە 30ی ئایار لە ئیستەنبۆل بەڕێوەدەچێت.

ئەتلەتیکۆ مەدرید- لیڤەرپوول
مانچستەر سیتی- ڕیال مەدرید
دۆرتمۆند- پاریس سان جێرمان
تۆتینهام- لایپزیگ
ئەتلانتا- ڤالانسیا
چێلسی- بایرن میونشن
لیۆن- یۆڤینتۆس
ناپۆلی- بەرشلۆنە

3 هەزار پۆلیس کلاسیکۆ دەپارێزن

مۆراتا: ئەتلەتیکۆ مەدرید لە ئەمشەو بەرشلۆنە میوانداری ڕیال مەدرید دەکات گەشەکردنی بەردەوام دایە





هاوکار کەڵهوری

سەرەتا بەگیانی خۆشەویستی و نمایشی یاری جوان دەستی پێکرد، دواتر بووە جەنگێک کە 117ساڵە بەردەوامە، ئەمە چیرۆکی کلاسیکۆی بەناوبانگی نێوان بەرشلۆنە و ڕیال مەدریدە، کە بەگرنگترین یاریی لە جیهان دەژمێردرێت.

ئەمشەو هەموو جیهان چاو دەبڕێتە ناو کامپ نوو کاتیک یانەی بەرشلۆنە میوانداری یانەی ڕیال مەدرید دەکات، کلاسیکۆیەک بایەخەکانی لە کلاسیکۆیەکانی تر ئەگەر زیاتر نەبێت، کەمتر نییە، ئەمجارە هەردوو یانەی وەک یەک 35 خاڵیان هەیە، بەڵام بەرشلۆنە بەجیاوازی گۆڵ پێشەنگی گرتووە.

بەهۆی گرینگی یاری کلاسیکۆ دەیان هەزار گەشتیار ڕوو لە شاری بارسێلۆنای هەرێمی کەتەلۆنیایان کردووە، بەمەبەستی ئامادەبوون لەم یارییەدا، بۆم ئەم مەبەستەش حکومەتی ئیسپانیا 3 هەزار پۆلیسی ئامادەکردووە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی کەتالۆنیا و ناو یاریگا.

ئەلڤارۆ مۆراتا، هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی دووپاتی کردەوە، تیپەکەی بە شێوەیەکی باش گوزەر دەکات و بەردەوام لە گەشەکردن دایە.

مۆراتا، کە لە گەڕی 17 لیگادا، گۆڵی یەکەمی تیپەکەی بەرامبەر ئۆساسۆنا تۆمارکرد و تیپەکەی بەرەو بردنەوە بە ئەنجامی دوو گۆڵی خاوێن برد وتی: گرنگ ئەوەیە بردمانەوە، ئەوە دواییێن یارییمان بوو لە سەر یاریگەی خۆمان لەم ساڵەدا، ئەویشمان بردەوە.

مۆراتا، کە لەسەر یاریگەی واندا میترۆ پۆلیتانۆ ئەو لێدوانە تەلەفزیۆنییەی دا گوتیشی: گرنگ نییە کێ گۆڵ دروست دەکات و کێش تۆماری دەکات، بەڵام گرنگ بردنەوەیە، نەخاسمە ئێمە لە گەشەکردنی بەردەوام داین. دووپاتیشی لەسەر گەشەکردنی تیپە مەدریدییەکە کردەوە، هەرچەندە ئەنجامەکان هاوشانی ئاستی تیپەکە نین. هەروەها گوتی: بە شێوەیەکی نایاب چووینە نێو یارییەکە، بەڵام هەمان شتمان بەرامبەر بەرشلۆنە، یۆڤانتس و ڤیاریالیش کرد. گرنگ ئەوەیە ئێمە لە گەشەکردن داین و پێویستە لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بین. لە کۆتاییشدا گوتی: هەموو تیپێک پێویستی بە بردنەوەیە، تیپەکەمان بەم دواییە ئاستێکی باش پێشکەش دەکات، لەگەڵ بوونی ئارەزوو و ئەگەر شتەکان بە باشی گوزەر بکەن، بردنەوەش بەدەست دێت.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed.18. Dec. 2019 No: (5895)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لەشارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان چەندین چالاکیی و بۆنەی تایبەت بە یادی ڕۆژی ئاڵا بەڕێوەچوو







ڕێککەوتی ١٧ی کانوونی یەکەم ڕۆژی ئاڵای کوردستانە، لەشارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان چەندین چالاکی و بۆنەی تایبەت بەم یادە بەڕێوە دەچێت.
هەر نەتەوە و گەلێک بۆ ناساندن و پێناسەی خۆی، کۆمەڵێک هێما و سیمبۆلی نەتەوەیی هەیە کە یەک لەوان ئاڵایە، کوردیش وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت ئاڵای فەرمیی خۆی هەیە، هاوکات ئاڵای کوردستان پێکهاتووە لە سێ ڕەنگ و دروشمێک لە ناوەندی.
لەساڵی ٢٠٠٩دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا کە ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی ئاڵا دیاری بکرێت و لەو ڕۆژەدا سەرجەم ئاڵاکانی سەر دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێن و نوێ بکرێنەوە. هۆکاری دانانی ئەم ڕۆژەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی کۆماری مەهاباد هەڵکرا، بۆیە هەموان لەو ڕۆژەدا ئاڵای کوردستان هەڵدەکەنەوە.
ئەم ئاڵایە هاوشانی سیمبۆل و هێما نەتەوەییەکانی دیکەی وەک، سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، پێشمەرگە، ئاڵا بە ڕەمزی هەرمانی نەتەوەیی کورد دەژمێردرێت و لەلای زۆربەی هێز و پارتە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم ئاڵایە بە فەرمی ناسراوە و لە بۆنە فەرمییەکاندا هەڵ دەکرێت.


ئازیتا لوقمان نوێترین بەرهەمی بڵاوکردەوە



هەمزە سەرحان: گۆرانیبێژی کورد ئازیتا لوقمان، نوێترین کلیپی بە ناوی خۆشمدەوێیت بڵاوکردەوە.خۆشمدەوێیت، نوێترین کلیپی ئازیتا لوقمانە، لە تێکستی هێمن هەژارە، ئاوازەکەی لەلایەن شادمیهرەوە دانراوە، کاری ئەرێنج و میکس و ماستەرینگی لەلایەن شادمیهرەوە بۆ ئەنجامدراوە، لە دەرهێنانی دیاکۆ موقتەدریە.ئەزیتا لوقمان تەمەنی 11 ساڵە، خەڵکی شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دانیشتووی شاری هەولێرە، براوەی بەرنامەی ڤۆیس کیدسی کوردستان بوو، خاوەنی چەند بەرهەمێکە.

سلێمانی.. پێشانگای شێوەکاری «پەنجا ساڵ ئەزموون»

مۆزەخانەی هونەریی هاوچەرخی سلێمانی پێشانگایەکی شێوەکاری لەژێر ناوی «پەنجا ساڵ ئەزموون» بۆ هەریەک لە هونەرمەندان، عەلی جۆڵا، عەلی کەریم، سلێمان شاکر و محەمەد کاکە محەمەد دەکاتەوە.مۆزەخانەی هونەریی هاوچەرخ بە هاوبەشی لەگەڵ پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی مۆزەخانەی هونەریی هاوچەرخ لە تەنیشت پارک تاوەری سلێمانی، پێشانگایەکی شێوەکاریی بۆ پێنج هونەرمەندی بەئەزموونی شارەکە دەکاتەوە کە هەریەکە و ٥٠ ساڵ خزمەتیان کردووە بە هونەری شێوەکاری و تابلۆکێشان.لە پێشانگاکەدا بەئامادەبوونی هونەرمەندان و ژمارەیەکی زۆر هونەردۆست، ڕۆژی شەممە کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ کرایەوە و بڕیارە تا ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ بەردەوامی هەبێت پێشانگەکە. لە پێشانگاکەدا ژمارەیەکی زۆر تابلۆی کێشراوی هونەرمەندان نیشان دەدرێن.







خانەی ئاشتی نووسەران و خوێنەران و عاشقانی وشەی خەڵات کرد

بەرهەم شێخ عزەدین: لە مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر، خانەی ئاشتی، بۆ ڕۆژنامە و کتێب و گۆڤار، ڕێزی لە کۆمەڵێک نووسەر و مامۆستا و ڕۆژنامەنووسی شاری هەولێر نا. کە سالانێکی زۆرە وەکو وەفاداریێکی نێو کایەی کتێب و خوێندنەوە لە کاروانی پیرۆزیان بەردەوامن. دوای مەراسیمەکە ئاشتی شێرکۆ خاوەنی خانەی ئاشتی بەخەباتی گوت:خانەی ئاشتی وەکو یەکەم خانە و لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی بەرامبەر دۆستانی کتێب بە ئەرکی خۆی دەزانێت وەکو هاندان و ڕێزلێنان، کۆمەڵێک لە خوێنەرانی دێرین بەسەربکاتەوە و لە مەراسیمێکی شایستەدا خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێشکەش بکات بێگومان ئەمەش یەکەم هەنگاو و دوا هەنگاوی خانەکەمان نابێت و بەردەوامی دەبێت